# JILEMO

## گۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

ژمارە(٦)     ساڵی دووەم     زستانی١٩٩٨-١٩٩٩


سەروتار ل٢

چیرۆك گەڕان لەدووی نان ل٣

چاوپێکەوتن لەگەڵ موزیك ژەنی خیابانی Klaus der Geiger ل١٠

یادی هاوڕێیان بەکرعەلی ل١٥

هۆنراوە و پەخشان ل٢٠
من و تۆ
سروودی هاوپشتی
بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی جوودایی
" "
ذاكرة الموتى

راوە کۆمۆنیست لە(هولیوود) ل٢٨

ژیاننامەی لاریسا رینسەر ل٣١

سەرنجو پیشنیاری خوینەران ل٣٥

هونەرو ئەدەبیاتی منداڵان ل٤٠

گاڵتە و گەپ ل٤٤


تایپ و مۆنتاژ
ئۆژین ئەحمەد


ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
ئینتیرنیت:
http://www.jilemo.cjb.net

کاتیك پاشەکشیکانی میژوو دووبارە دەبنەوە، بلندگۆکانی گالتەجاری سەرمایەداران دەکەونە گەر بۆ سوکایەتی کردن بەخەونو ئارەزووی چینی ژیر دەست،هونەریش لەم پەیوەندەدا، بو نائومید کردنی مروڤەکان بە تواناو لیلکردنی ئاسوی خەباتیان رولی سەرەکی پی دەبری.

ئەمرو لەهەموو کاتیك زیاتر لە کانالە جوربەجورەکانەوە هیرشی ( بەربەریەتی نوی ) ریکخراوە بو سەر هوشی مروڤ، بو سرینەوەی میشکی،ناموکردنی رابووردووی خەباتی چینایەتییانو، پیچەوانە نیشاندانی واقیع، کە ئەرکی مەزنو پیروزی هونەری باوو بالورە سازی چینە داراکانە.

هەر بویە پیویستە هونەرو ئەدەبی کومونیستی لیرەدا خوی پیناسە بکاتو بەرنامەی شورشگیرانەی دژی هونەری بالورەساز دابریژیتو دەست بەکاربیت .

گەر ئەرکی هونەرو ئەدەبی بورزوازی ناموکردنو کەولکردنی مروڤ بیت بەبارچە بارچە کردنی ریزەکانی پرولیتاریا،ئەوا ئەرکی ئیمە کوتایی هینانە بەشانوگەرییە جادووییو ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی بەربەریەتی دیموکراسی وسەروەری چینایەتی.

هەر هەنگاویك بەم ئاراستە پیویستی بە هونەرو ئەدەبیکی رەخنەگری شورشگیرو و ریکخەر هەیە لەسەر ئاستی جیهانو دابراو لەهەر ئاراستەیەکی میللیو نەژادیو ناوچەیی، هەروەك لەسەرەتای ئەم سەدەیەو سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمو شەری ناوخوی ئەسپانیا و جەنگی ڤیتنام.

رووداوەکانی ئەمروی جیهان پیویست بوونی هەرجی زیاتری ئەم سەنگەرە ئەنتەرناسیونالیستییە دەسەلمینن‌و ئەرکی هەر هونەرمەندو ئەدیبیکە کە خوی بەرەخنەگری بەربەریەتی سەرمایەداری بزانی، تیکوشیت بو یەکخیتنی ریزەکان لە سەنگەریکدا.

بژی هونەرو ئەدەبی کومونەخواز

رسوابیت هونەری فریودەری بورزوازی

# گــــەران لــە دووی نــــان

**هەژین**

هەر جۆن بــوو، خــۆم لــە ســنوور قوتــار کــرد، بــە بــەرتیل و تکــاو رجــا خــۆم لــە سەیتەرەکاندا دەرباز کرد، برسیەتیو هیلاکی ئەو جەند رۆژە پیمەوە دیار بوو، بەم شـیوەیە گەیشـتمە ناوچـەی هەمـەدان و کەوتمـە گـەران بـە دوای کـاردا، کـاتی کـاری کشتوزارو کورەخانەکان نەمابوو، لەلایەکەوە هیندە برسیم بوو، وەخت بوو پەلاماری گیاو سەوزایی بدەم، لەولاشـەوە ترسـی گرتـنو بەهـەدەر رویشـتنی هیلاکـی ئەو چـەند رۆژەو گیرفان بە تالیم لە تاو ئەم وەزعە، گـەر جوتیـاریکم بـە جلوبـەرگی خاکییـەوە ببینیایـە ئـەوا زەندەقم دەچوو، پیموابوو کە پاسدارە، کات دەمـەو ئیوارە بـوو، چـەند دەواجین گەرابووم کارم دەست نەکەوت، ئیتر هیزم تیا نـەما، گەیشـتمە ئـەو بروایـە کە ئەگـەر چوومەتـە نـاو مۆلگـەی پاسدارەوە دەبیت شـتیك بـۆ خـواردن بـە دەسـت بینـم، هەسـتم دەکـرد وا لـە هـۆش خـۆم دەچـم بەراسـتە جادەیـەکی خـاکیدا ملـی ریگـام گرتبوو،چەند هەنگاوی تر ماشینیك هات کەمیك تیپەری و گەراوە دواوەو وتی:

بۆرەحمەت ئاباد دەچی ؟

دوای کەمیك رامان وتم: ئا بەلی.

سوار بووم و شوفیرەکە کەوتە پرسیار:

+ غەریب دیاری وانییە؟

– بەلی.

+ سنندجی ؟

– نا عیراقیم .

+ لە ئاوارەکانی هەلەبجەی؟

– بەلی.

+ بۆچی دەچی بۆ رەحمەت ئاباد؟

- بەدوای کاردا دەگەریم، کەمیك شۆفیرەکە بیدەنگ بوو، منیش ترسم لینیشت، لەدلی خۆمدا وتم: پیاوی رژیم نەبیت و بەگرتنم بدات، لە لایەکیتریشەوە دلخوشی خۆمم دەدایەوە، ئەی کی دەلی پیاوی چاك نییە و دلی پیم نە سووتاوە ؟

+ لیرە کەس دەناسی..پیشتر لیرە کارت کردووە ؟

نا نەخیر..

کەمیکمان مابوو لە دیکە نزیك بینەوە. شۆفیرەکە دەستی بۆ لای چەپی جادەکە راکیشا و وتی: ئەوە گەورەترین دەواجنی ئەم ناوەیە. کە گەیشتینە ریکی دەواجنەکە کەسیك بەرەو سەرجادەکە دەهات، قیافەیەکی گەورەو ریشیکی ماش وبرنجی خەتی دابوو، ناوچەوانی تەخت و روتاوە، بۆ سەیارەکە دەستی راگرت. شۆفیرەکە: مەرحەبا ئاغای مراد علی.

مرادعەلی: چۆنی ئاغای سلیمانی، سەلامەتی ؟

سلیمانی(شوفیرەکە): زۆر سوپاس، خیرە وا لەم سەر جادەیە راوەستاوی ؟

مرادعلی: چاوەریی(وانتبار)م دەکرد، باش بوو کە تۆهاتی، کەمیك عەلەفم هەیە لەناو دییە، بەلکو بۆم بینی .

سلیمانی: هەر ئیستا ؟

مراد علی: بەلی هەر ئیستا، نەفەرەکەت هی ناو دییە ؟

سلیمانی: نا ئاوارەی عیراقییە، بەدوای کاردا دەگەری، ئەم شەو لای خۆم رای دەگرم تا بەیانی بەلکو...

مرادعلی: ئەتوانی شتەکانی پی باربکەیت و بیهینیتەوە ئیرە لەوانەیە پیویستیم پیی هەبیت .

شۆفیرەکە: رووی تیکردمو وتی دەتوانی لە دواوە سوار بی، ئاغای مرادعەلی دیتە جییەکەت، ئەوە بەختت هەبوو، وتی لەوانەیە کارمان هەبیت بۆی ...

ئیتر من لە پیستی خۆمدا جیم نەدەبووەوە، هەر ئەو ئیوارەیە دەستبەکار بووم

بەرەبەری زستان بەردەوام کارمکرد، کارەکە هێندە سەخت بوو، مەپرسن. لە ئاشی دەواجن تەنانەت زۆرجار ئیشی نیومالیش، بووبووم بە هەموو شتی، دلم لە خۆشیا باله فریی بوو، خواردنم جارجارە لە مالیان بۆدەهات کە شۆربایەك بوو یان ئەو مامرانەی کە نەخوش دەکەوتن و سەرمان دەبرین زۆرجار عەلەفی مامرەکان (گوشت گیایی) م دەخوارد. سەرماوسۆلەی پاییز و بۆنوبەرامەی دەواجن نەخوشی خستم، چەندجار توشی لەرزوتا بووم، بەلام لەبەر قاچاخبوونم نەدەچوومە دکتور، تا دواجار توشی سەر ئیشەیەك بوومو دەبورامەوە.

بەمراد عەلی خاوەنی دەواجنەکەم ، گوت :

+ ئاغا گیان، ئیتر من ناتوانم بەم جۆرە کار بکەم، بەلکو هەقدەستەکەم بدەیتی، هی ئەم چەند مانگەو برۆمەوە تا نەمردووم، وا بزانم ئیتر بۆ ئیوەش سوودم نەماوە ؟

مراد عەلی: چۆن دەبی من بەم زمستانە کیم چنگ دەکەویت ؟

+ ئاخر بەمجۆرە دەمرم، دەتوانم دوو هەفتەی تریش کاربکەم تاوەکو کەسیکی کە پەیدا دەکەی، ئەوسا منیش بەو هەقدەستەوە دەچمەوە ناو خیزانەکەم.

– هەقدەستی چی، مەگەر تۆ ئەم چەند مانگە، ئەو هەموو خواردن وشوین وخزمەتەشمان کردووی لەبەر چاو ناگری ؟

+ ئاخر حاجی ئاغا مەگەر خۆت نەتگوت مانگانە (١٢) هەزار تمەن شەووڕۆژ کار بکەم و خەرجم واتە خواردنو حەمامو شوینی خەوتنم لەسەر تۆ بیت ؟

– نەخیر من لەریی خودا بەزەیم بە تودا هاتووتەوە، تاکو لە برسا نەمری.

+ ئاخر حاجی ئاغا من نەهاتووم بخۆم و ئاگام لە سکی منالەکانم نەبیت، من هاتووم چوار پول بەرمەوە بو ئەم زستانە تا منالەکانم لەبرسا نەمرن.

ئیستا دەلیی چی، هەروا دەرۆی یان بتدەمە دەستی سوپاو بلیم جاسوسە ؟

+ هەروا بە ئاسانی ناترسم گەر جاسوس بووم، بۆ راتگرتم ؟

– خۆت دەزانی، تا بەیانی لیرە بیت، ئەوا من مەجبورم بتدەمە دەستی قانوون.

سەرپیچیم کردو مامەوە، چەندجار داوام لیکرد بەلکو هیچ نەبی کری سەیارەکەم تا سەر سنوور بۆ بدات، راستییەکەی زۆریش دەترسام، هەر بۆیە وا بەئاسانی لە هەقی خۆم خۆشدەبووم، ئاخر زیاد لە شەورۆژیك لە سنوری حاجیهۆمەرانەوە دووربووم، هەرچیم کردوکۆشا بیسوود بوو. بەیانی کە لەخەو هەستام بە تەما بووم بچم بۆ مالیان بۆ ناو دی، بەلکو دلی خوسابی و نائومیدم نەکات...

پیش ئەوەی بەرەو سەر جادەکە یەکەم هەنگاو هەلبینمەوە، بەرەورووم سەیارەیەکی سوپا قوت بووەوە، هیچ بواری راکردنم نەما...

سەیارەکە راوەستاو، چەند چەکدار دابەزین. مەسئولەکەیان کە دانەبەزی بوو، لەناو سەیارەکەدا روولە چەکدارەکان :

+ کورینە دەسگیری کەن

هەر چەندە ووتم حال واو مەوزوع وا، سوودی نەبوو، چاویان بەستمو لەگەل خۆیان بردمیان ..

لە ریگە هەر گالتەیان پیدەکردم و جارجارەش مستیکان دەزەنیە لا تەنیشتم.

+ نمەك حەرام، بە قاجاخ هاتووی، لەریی خودا کاریان پیداوی کەچی دزی دەکەیو پەلاماری ناموسی حاجی ئاغا ئەدەی ؟

هەرچەند سویندم دەخوارد، بە کوردی و چەند کەلیمە فارسی دەمگوت بەخوا هیچی وا نییە بوختانە، کەچی زیاتر لیان دەدام..

پاش ماوەیەك لیکۆلینەوەو لیدان، چەند رۆژ لە سوپای هەمەدان زیندانی بووم...

بەیانییەك زوو بەخەبەریان هینامو وتیان:

+ سەرت بشۆو خۆت خاوین کەرەوە !

لەم رفتارەیان زۆر سەرم سورماو بەخۆمم گوت: بەخودا دیارە ئازاد دەبم، بریارم دابوو گەر وازم لیبینن مەمنون بمو ئیدی باسی پارە نەکەم .

کاتژمیر، بوو بە هەشت، دوو چەکدار بە (سەیارە) بردمیان..، کە دابەزیم، تەرازوو و

ئالآی (جهوری ئیسلامی)م بینی، زانیم دادگایە و سەرەتای کارە... مراد عەلی(حاجی ئاغا)، جل وبەرگی سوپای لەبەر کردبوو، یەك دونیا لیی دەترسام، ئیستا ئیتر کەسیکی واقیعا وەك درندە دیار بوو، سەرەتا ئەویان بانگ کرد و پاشان مـن. دوای چەند پرسیارو ناو و ناو نیشان پرسین ؟

+ تۆ چۆن بە قاچاخ هاتووی بۆ ئیران ؟

منیش لە ئەلفەوە تا یا، باسم کرد، پیم وابوو ئیتر ئیستا بەزەییان بەمندا دیتەوە...

+ بۆ دزیت لە ئاغای مراد علی کردووە ؟ سەرەرای چاکەو یارمەتی لەریی خودادا، ها؟

وتم: مـن هیـچ دزیـم نـەکردووە، بـەلکو داوای هـەقی خۆمـم کـردوە، ئـەو ئـاوا بـە دزی تاوانبـاری کـردووم ، هیچ راست نییە .ئیتر ئـەم قسـانە کـا ژمـاردن بـوو بۆیـان، هیـچ دادیان نەدامو سەرئەنجام شەش مانگ لە دیزل ئابادی (کرمانشا) زیندانی بووم. شـەو رۆژم لەژیر فشاری گیـانی و دەروونـی ئـەو جانەوەرانـەدا بردە سـەر، بـەو هیوایـەی کـە بمگیرنەوە عیراق.

شـەش مـانگ، هـەولیان دا بمکـەن بـە (توبەکاری ئیمـام)، بـەلآم بیسـوود بـوو، کـاتی کـە پییان وتم تۆ حوکمەکەت تەواو بووەو، بەیانی ئازاد دەبیت، وەخت بوو بال بگرم، هـەر چەندە نـەمدەزانی چۆن و بـەج روویەکـەوە بچمـەوە نـاو مندالودایكوبـاوکم.. شـەوانە، خەوی ناخوش ناخوش وەك دیوە زمە دەیخواردم و ورەم پیّ نەدەما .

بـەیانی زوو هەسـتام، خـۆم خـاوین کـردەوە و خـۆم ئامـادە کـرد، زیندانییـە ئیرانییـەکان ئیرەییـان پیدەبـردم، کـە رزگـارم دەبیـت و لـەژیر دەسـەلاتی خواکـاندا نـامینیم. نـەیان دەزانی کە نوینەری خواکان عیراقیشان کردووەتە دۆزەخ.

ئەمجار لەگەل چەند چەکدار سواری سەبارەیەکیان کردم، چەند کاتژمیر بەریوە بووین. گەیشتینە شاروچکەیەك کە لە ناوچەیەکی شاخاویدا بوو بەنیوی سەلاسی باوەجانی، مـن نـەمزانی بۆچـی بـۆ ئـەوییان بـردم، بـەلآم ئـەوەندەم دەزانـی کـە لـە عـیراق نزیـك بوومەتەوە...

بردمیانە شوینیك هەر لە زیندانەكەی دیزل ئاباد دەچوو، لەگەل نامەیەك، دامیانە دەستی لیپرسراوی ئەو شوینە... پاش چەند پرسیارو بینەوبەردە، پیی وتم:

+ ئیرە قەرەنتینەیەو دەبیت چاوەریی گەرانەوە بیت. لیرە دەورەیەك بەسەر دەبەیت، گەرشتت لەسەر نەبوو، ئەوا دەتنیرینەوە بۆ عیراق...

سی مانگیش لەوی، كە زیاتر لە باخچەی ئاژەل دەچوو، تەمەنم بە سەر برد. هەرچی مروڤی تیكشكاوو پۆخلە بوو بەهۆی دەست تیكەلكردن لەگەل لیپرسراوەكانی قەرەنتینەكەو هەوالگری بۆیان، دەردەچوون بۆ ناو بازارو سەردانیو، هەموو شتیكیان دەدرایی، هەر لەویش تیگەیشتم كە دەدریینەوە دەست جەلادەكانی (بەعس). سی مانگیش زەجرم كیشا، لەویش لەبەردەستی مەئمورەكانی ئیسلامدا، كاتی وتیان خۆت ئامادە كە بۆ وەجبەی بەیانی بەرەو عیراق، گشت مووەكانی لەشم راست بوونەوە. لەبەر هەلهاتنم لەعیراق كە بە تاوان دەژمیردرا! زیندانی (ابوغریب)و (هەیئە)ی كەركوكم بیر كەوتەوە، گەر بریاردان بەدەستی خۆم بوایە، ئەوا دۆش دادەمام، لە نیوان هەلبژاردنی قەرەنتینەی ئیسلامو زیندانەكانی (بەعس)دا،چونكە دلنیا بووم، لە هەردوو بارەكەدا لە بوونی خۆم كەولم دەكەن. كە گەیشتمە سەر سنوور دەستم لەخۆم بەر دا. لیدان و سوكایەتی لەبری پیشوازیو ئارامكردنەوە، دەتگوت گشت كەرلالین، كەس بە خۆی را نەدەبینی كە داوای قومیك ئاو بكات. لەویش بە نۆكەری دوژمن تاوانبار كراین و گوازراینەوە بۆ (دەزگای ئاسایشی گشتی كەركوك). دوای ئەشكەنجەو لیكۆلینەوە، دراین بە دادگەی شۆرش و ئەوانیش بەویژدانی نیشتمان پەروەرانەیان یەكی سالیك زیندان وەك دیاری لەسەر بریاری سەرۆك پیشكەش كردین.

ئەوەی نەدەبوو بوو،خەموپەژارەم بۆ مندالەكانم لەلایەكو زولمی حاجی ئاغاو رۆژانی دیزل ئابادو قەرەنتینەو ئەشكەنجەو سووكایەتی ئەم هاونیشمانییانەم لەژیانی خۆم بیزاریان كردبووم.

هەر چۆن بوو ئەو ساڵەشمان لە وڵاتی بینانیدا بەسەر برد، ولاتیك كە بوو بووە لانەی سەركووتگەرییەكانی بەعس و تیرۆركاری هێزە ئیسلامییەكان و تەراتینی لەشكری توركیەو شەری پارتەكانو چەسپاندنی دیموكراسی و نەزمی نویی جیهانی.
ساڵەكەم تەواو كرد و بەدەست بەسەری بردمیانە(تەجنید) و لەویشەوە بۆ بەسرا تا خزمەتی وڵاتیك بكەم كە زیندان بوو بۆم .
هەر چۆن بوو خۆم دزیەوەو، بە بەرتیلو ئەمسەرو ئەوسەر گەیشتمەوە هەولیرو سەرم لە ماڵی خۆمانەوە دەرچوو، نە شار شاری جاران بوو، نە ماڵی خۆمان. كاتی من شارم بەجیهیشت ، لیستی سەوز حاكم بوو، كە گەرامەوە لیستی زەرد باڵا دەست بوو، دەتگوت ساڵەهایە ئەم شارەم نەدیووە. لەگەل دەرگە كردنەوە وەژوور كەوتنم، هەموو دایانە پرمەی گریان و باوكەرۆ... منیش لەوان خراپتر، زۆر بە پەلە چاوم گێرا، دایكم و كچە بچكۆلەكەم دیار نەبوون، منیش بی پرسیار دەستم كرد بە گریان...
سەرەتا وامزانی بۆ خۆم دەگرین، بەڵام كە چەندجار وشەی جەرگ سووتاوی و هەتیو كەوتنیان دابەگویمدا، تیگەیشتم، هاوارم كرد: كوا دایكم، كوا شیلان ؟ بەلام كەس وەڵامی نەداوە، بیجگە لە گریان و باوەش پیداكردن.
من لە تاو ئەم وەزعە و دووركەوتنەوەم، هەم ئارەقەی شەرمەزاری و هەم فرمیسك لە چاوانم دەهاتنە خوار...
من چووم نانیان بۆ بینم، نەمزانی تاماوم دەبی لە خەودا بە ئارەزووی دیداریان بم.

**<u>پاشماوەی هونەرو ئەدەبیاتی منداڵان</u>** چەوتییەكانی ئەم كۆمەڵگە دواكەوتووەو نەهامەتییەكانی بكریتە خەتای تاكە كەس و لەدەرەوەی كاركردی چینەكانو كیشمە كیشە كۆمەلایەتییەكاندا لە سەر شانۆی چاكەوخراپەی تاكە كەس نیشان بدرین.
(دریژەی هەیە )

# گفتوگۆ لەگەڵ موزیکژەنی خیابانی Klaus der Geiger

## بەشی یەکەم

کـاتیك لەدەرگــەی بالاٌخانەکـــە وەژوور کـــەوتین ،دیمـــەنی دالاٌنەکـــە، رووخســـاری پیپلیکانـەکان ئەوسـاتو خوزگـە کفنکراوانـەیان دەهینایـە بـەرچاو کـە بـاوكو باپـیرانی کـلاوس بەلەســەریەك هــەلچنینیان کۆشــكو بالاٌخانـــەو کانـــەکانیان پیســـازکردوون. گۆشـەی نیـوان پیپلیکانـەکان وەك گۆشـەی پیشانگایەك دەهاتەبەرچاو، وەها بە کـاری هونـەری هــەلکۆلین و تـــابلۆو نوســینی جــوانو وینـــە فوتوگرافییـیــەکانی هونەرمـــەند لـەکاتی کۆنسـیرتدا، لەگـەل گـول و سـەوزایی رازابوونـەوە. تامـەزرویی بینینــی ئــەم هونەرمـەندە لـە نزیکـەوە لەگـەل کەوتنـــە بــەرگویی دەنگــی کەمانچەیــەك وەهایــان لی کردبووییـن کـە برینــی ٣٠– ٤٠ پیپلیکانـە لـەچاوتروکانیکدا بـبرین. ئـارەزووی نزیـك بوونـەوە لـە دەنگـە موزیکییەکـەو سەرنجراکیشـانی تـابلۆو وینـەو کـارە هونەرییـەکانی نیو رارەوەکە دەست بەردارمان نەدەبوون. کاتیك کلاوس بەپیرمانەوە هات ئەو هەستە بەسەرماندا زالبوو کە سەردەمانیکە یەکدی دەناسین، شـوینی کـار سـەرنجراکیش تـرو پرمانـــاتر لـــە تـــابلۆو کـــارە هونەرییـــەکان. کەرەســـتەو پیداویســـتییەکانی، تەمـــەنی ئاپارتمانەکـە لەگـەڵ دونیـای کۆشـكو تـەلارەکانی دەرەوە تـەنیا و تـەنیا نیشـاندەری نـاوەرۆكو واقیعـی کۆمەلگـەی سـەرمایەداری بوون. چـاوەروانیم وابـوو لانیکـەم ژیـانی ئـەم هونەرمـەندە شۆرشـگیرە وەك ژیـانی مروڤیکـی ئاسـایی بیت، بـەلاٌم راسـتی ئەمـەی دەسەلماند، کە لە کۆمەلگەی چینایەتیدا هەمووشتیك دوو دیـوی هەیـە، ژیـان، هونـەر، کار، ئامانجیخودی مرۆڤ، لەسایی دیموکراسیدا ئەتوانی زۆر شـت بکـەی، بەمـەرجیك زۆرشـت لەدەسـت بدەی، بـەلاٌم گـەر لـە راسـتی چاوبپۆشـی، ئـەوا لەسـایەی سـەروەریدا مـەی دەنۆشـی. هــەر بــەم پییــەش هونەرمــەندانی شۆرشـگیر بیبـەش دەکریـنو هونـەر فرۆشانیش بەخشیش دەکرین .

بۆئەوەی ژیانو تیکۆشانی هونەرمەند پەر پەر هەلدینەوە، روو دەکەینە کلاوسی

کەمانچەژەن تاوەکو خۆی بۆمان بدوێ ...

**ژیلەمۆ** : داواتان لیدەکەین سەرەتا خۆتان بەخوینەران بناسینن ؟

**کلاوسی کەمانچەژەن** (**کلاوس دیر گایگەر**) : من ناوم کلاوس ڤۆن ڤۆرخیم ( Worchem von) ، لە گەرمەی جەنگی جیهانیدووەمدا ساڵی١٩٤٠ لە Doppoldiswade) ) لەدایك بووم ، ئیستا لەشاری کۆڵن دادەنیشم.

**ژیلەمۆ** : سەرەتای هۆگربوونتان بەموزیكو چوونە ناو دونیای موزیکەوە دەگەریتەوە بۆکەی ؟

**کلاوس د.گ**.: هەشت نۆساڵان بووم، واتە دوای شەری جیهانی دووەم، دەستم بۆ موزیك برد. ئەوکات باوکم دیلی سەربازی بوو لە روسیا، لە دوازدە ساڵیدا باشتر بە بیرم دیت کە موزیکم دەژەنی.

**ژیلەمۆ**: ئایا موزیك وەك پیشەیەکە بوئیوە یان کاریکی کەتان لەپالیدا هەیە ؟

**کلاوس د.ك** : من وەکو پیشەیەك سەیری موزیك ناکەم، ئاوا سەیری موزیکم نەکردووە کە پیی بژیم، بەلکو بەهۆی سیاسییەوە ئەم کارەم کردوە و دریژەم پیداوە، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی ئەمەوە زۆرجار میوانی کراووم. ئەمەش بۆم بووە بە مایەیەك . من بەزۆری لەسەر دەرامەتیك کەلەخیابانەوە بەدەستی دینم گوزەران دەکەم، ئەمەش زۆر زۆر سەختە، دەبیت ماوەیەکی زۆر لەسەرشەقامەکان بمینیتەوە موزیك بژەنی، لە هەمان کاتدا من هیچکات ئەم موزیکە خیابانییەم وەك کاریك سەیر نەکردوە. من پیشتر لە کارخانەیەکدا کارم دەکرد تەنیا لە کۆتایی هەفتەکاندا موزیکم دەژەنی.

**ژیلەمۆ**: دوای هۆگر بونتان بە موزیك، ئایا بۆ ئەم کارە چوونە فیرگەی موزیکی یان وەك عەلاقەمەندی شەخصی دریژەتان پیداوە ؟

کلاوس.د.گ : پاش ئەوەی کە تەمەنم ١٢ ١٣ ساڵان بوو هاتینە شاری کۆڵنو لەلای (Mauricio Kagel) و (Karl Heinz Stockhausen) فیربووم. پاشان چوومە ئامریکا بۆ خویندنی باڵا لە بواری موزیك داو وەرگرتنی دکتۆرا لەم بوارەدا. من لە

ئەمریكا وەدەریان نام ، چونكە وەك كەسیكی میوانو نامۆ نەدەبوو چالاكی سیاسی بكەم. من لەگەل كۆروكۆمەلی خویندكارو رەشەكاندا كارم دەكرد، كە ئەوكات دژی شەری ڤیتنامو وەزعیەتی رەشەكان خەباتیان دەكرد، وەك گروپی(Black penter) كە گروپیكی رەش پیست بوون لەدژی ئامریكا. ئەم گروپە كۆمۆنیست بوون زۆر بەهیز بوونو خاوەنی چەكیش بوون. من حەزم دەكرد كە لە ئامریكا بمینمەوە.

**ژیلەمۆ** : وەك وتتان ئیوە وەك كارو پیشە سەیری موزیك ناكەن، لە هەمان كاتیشدا بەو پارەیە گوزەران دەكەن كە لە خیاباندا پەیدای دەكەن، ئایا(**Kulturamt**) "ناوەندی فەرهەنگی شاری كۆلن" كۆمەكی پی نەكردوون وەكو هونەرمەندانیتر ؟

**كلاوس.د.گ** : نەخیر من لەلایەن ناوەندی فەرهەنگییەوە هیچ كۆمەكیكم پیّ نەكراوە، بەلكو بەپیچەوانەشەوە زۆرجار سكالاٌیان لەسەر تۆمار كردووم. ماوەیەك لەمەوبەر هەولیاندا بمخەنە زیندانەوە، بەلاٌم سەركەوتوو نەبوون. لە شاری( **Duisbug**) لەیەكی لە ناوەندە خویندنییەكاندا، كە بە زیاتر لە شازدە زمان تییدا دەخویندری، كە ئەمەش گرنگییەكی تایبەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە دەتوانی بەزمانی دایك یان بەزمانیك كە ئاشنایەتیت پیی هەیە بخوینیو بروانامەیەك بەدەست بینیت، بەتایبەت ئەو كەسانەی كە گرفتی زمانی ئالمانیان هەیە دەتوانن پاش بەدەستهینانی بروا نامەكە گرفتی زمانی ئالمانیش چارەسەر بكەن. ئیستا (**SPD**) دەیەوی دایبخات. ئەم كارە خویندكارو مامۆستاو كەسوكاری خویندكارەكانی زۆر هەراسانو بیزار كرد. بۆ ئەم مەبەستە خۆپیشاندانیكیان بەریخست، كە منیش بەشداریم تیدا كرد. لەناوەندی شاری (**Duisburg**)دا لە بەرامبەر خۆپیشاندانەكەدا پۆلیس ئامادەییەكی زۆری وەرگرتبوو، بۆ هیرشكردنە سەرمان، بۆ بیانوویەك دەگەران. لەناو خۆپیشاندەرەكاندا كۆمەلیك لاو (پ. ك، ك) نەبوون، بەلام وەك ئەوان دەهۆلیان هینابوو خەریكبوون لییان دەواو سەمایان دەكرد. ئەمە بووە هوی ئەوەی كە پۆلیسەكان ئەم بیانووە بقۆزنەوەو هیرش بكەنە سەرمان. لەوینە لەناوەندی شار من خەریكی موزیك ژەنین

بووم. من پییانم وت ئارام بن چونکە (ئاشلوخەکان) هیرشیان کردووە، بزانین چی بەسەردێ. لەسەر ئەم قسەیە پۆلیسەکان بەمنیان وت دەبیت بییتەخوارەوە. من پییانم وت ناتوانم، منخەریکم موزیك دەژەنم. منیان دەستگیر کردو داوای شوناسنامەیەیان لیکردم. منیش نەمدا پییان، منیان دەستبەسەر بردو خویندکارەکان کەوتنە شوینم تا من ئازاد بکریم.

کاتی منیان برد، کیشەکە بوو بەدووان (پیکەنینیك لە ناخەوە ها. ها. ها) لەسەیارەکەدا گویم لەبیتەلەکانیان بوو قسەیان دەکرد، دەیانگوت ئەو کەسە زوو ئازاد بکەن، لەوانەیە کیشەی گەورەتر دروست ببیت، چونکە تەواوی خویندکارەکان هاتوونەتە ناوەندی شارو شاریگەکانیان گرتووە. بەلاّم لەبەر نەدانی شوناسنامە نەیان دەتوانی ئازادم بکەن. دوای نیو سەعاتیك خویندکارەکان وەها کاریکیان کردبوو، کە وەزعەکە تەواو خراب بوو بوو، بۆیە پۆلیسەکان ناچاربوون، بمخەنە تاکسییەکەوەو بمبەنەوە بۆ شوینی خوم، ئەو شوینەی کە موزیکم لیدەژەنی. کابرا دەرگەی تاکسییەکەی بۆ کردمەوەو وتی: فەرموو لەسەر جیگەی خۆت دانیشەوە...( ها. ها. ها) دەستم کردەوە بە موزیك ژەنین.

من هەمیشە وابووم چەندین جار لەسەر موزیکی خیابانیو شتگەلی سیاسی کەوتوومەتە زیندانەوە. لەراستیدا هەر ئەوەی لەسەر شەقامیك موزیك بژەنی وەکو نارەزایەتی نیشانەو بەرهەمی دەسال خەباتی بیوچانە کە لەو دەسالەدا چەندین کەسمان تووشی دەردیسەری بووین .موزیکی خیابانی لە رووی یاساییەوە مولەتی پینەدراوە، بۆیە هەرکات بیانەویت ئەتوانن هیرش بینن‌و بلین لیرە برۆ و مەوەستە.

ژیلەمۆ : ئایا ئیوە چ شیوازیك یان دروستر ج مەکتەبیکی موزیکیت هەلبژاردووە ؟ وە بۆچی؟

کلاوس د.گ.: من لە سەردەمیکدا گەورە بووم، کە موزیك بە گشتی کلاسیك بوو، موزیکی کلاسیك واتە بۆ چینەکانی سەرەوە تەماشا بکەی واتە بۆرژوازی .

من موزیکی مودیرنم هەلبژارد بەخاتری ئەوەی کە دەمویست لە موزیکی کلاسیك بیمە دەرەوە، موزیکی مۆدیرنیش شیوازی جیاجیای هەیە، لەوانە (ئەڤانگارتیزم) ئەڤانگارتیستیش سیاسی چالاك نییە، بەلاّم لە رووی موزیکییەوە بەگشتی هی چینی خوارەوەیە لە ئەڤانگارتیستە بەناوبانگەکان دەتوانین (مارویسیو کاکل) و ( کارل هاینتز شتوك هاوزن) بەنموونە بینینەوە .

من کاتیك لە ئامریکا بووم، بەراستی ئازاد بوومو خۆم بە تەواوی ئازاد کردبوو، لە (Tradition) سونەتی میللی، بەلاّم من لەوی نامۆ بوومو خودی نامۆیی خۆم بووە هۆی ئەوەی من زۆرتر بە سونەتی میللی زور بە گالتەگرمو کینەی لیهەلگرم. بۆ ئەوەی لەو بارە ئازاد بیت، دەبیت شەری لەگەلدا بکەیت. ئەوسا خەریکبووم دکتۆرا بگرم، بەلاّم لە نیوەی ریدا گەرامە دواوەو، هاتمەوە لیرە وەك کەسیك کە لەخیاباندا موزیك بژەنم، نەچوومە هیچ زانکۆ و ناوەندیك. هەر بەم بۆنەوە وەختی دستم بەکار کردەوە، لە ئالماندا من بەکەمانچە دستم پیکرد، بە کۆمەلەشتیك؛ هۆنراوە بۆ مناڵان بە کەمانچە لەخیاباندا بە میلۆدی سادە بۆ مناڵان وەك (کار مروڤ شاد دەکات، کار مروڤ ئازاد دەکات) زۆر سادەو ئاسان قابیلی تیگەیشتن ( دارا راری راری راری) لە هەمان کاتدا زۆر سەرنجراکیش، موزیکیکی سادە و مانادار، تەواو دژی بۆرژوازیو سیستەمەکەی.

من ئەوەندە هۆنراوەم هۆنیوەتەوە ئیتر نیازم پیی نییە، هەزارو ئەوەندە هۆنراوەم نووسیوە، بەهەر حال، ئیتر کاتیکیش دیّ کە نامینیت، بەلاّم ئیستاکە لەگەل ئەوەشدا خۆم سەیردەکەم، دەکری و دەبیت جۆریکیتر بیان نووسمو موزیکەکانو هونراوەکان وسروودەکانم جۆریکیتر بن. بەلاّم ناکریّ هەر هەموو بگۆردری. گەر بمەویت شتیکی تازە بەرهەم بینم دەبیت بچم لەخیاباندا لەگەلّ خەلکدا قسەبکەم، دەبیت شتەکان هەمیشە تازە بن. لە دەرەوەی ئەم شیوازە دەبیتە جادووگەری.

**دریژەی هەیە**

# بەکر عەلی لەگەڵ میلی کاتژتیردا یەکتر ئەخۆن !

**ئازاد کەریم سویسرا**

بەکر عەلی لەسالی ١٩٦٨ چاو بە ژیانی پر لەمەینەتی هەلهینا، بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٢ ناسیم، لەیەك گەرەکدا بووین، ئەوکاتەش لەبەر دەستەنگی هەموو خیزانەکەی لەیەك ژووردا دەژیان. هەر لەسەرەتای منالی‌یەوە خولیای شیعر و نووسین لەناخی‌دا چەکەرەی کردبوو، وە لە سالی ١٩٨٢ بەدواوە زیاتر لەریگای کاك "عیرفان احمد"ی شاعیرەوە کۆمەکی جدی پیکراو و هونەری شیعر نووسینی پیناساند، وە لە ناوەراستی هەشتاکاندا لەچەندین کۆری شیعری‌دا لەگەل چەند شاعیریکی لاوی تردا لەسلیمانی بەشداری کردو لەبلاوکراوەکاندا بەرهەمەکانی بلاودەکرانەوە، وە کۆمەلی لە شیعرەکانی لە تاوتوی‌ی نامیلکەیەکدا بلاوکرانەوە. وەك شاعیریکی لاوو هەلکەوتوو دەریایەك پر لە خۆزگەی ئینسانی جەمسەرگرتوو لە وولاتە گچکەو بی گەردەکەی دلی‌دا ناسرا.خۆی‌و هۆنراوەکانی خوزگەی رەش بوونی دەوەنی خوینەگەشەکەی بوون، لەپیناو کاروانی ریگای چرپە نەبیستراوەکان، سکە برسیی‌یەکان ،خەمی بی‌خانەو لانەکان، نەمانی نالەی دایکە کوسکەووتووەکان، مافە ژیرپی نراوەکان ...و ژیانیکی باشتر بۆ ئینسانەکان. لە کوردستاندا سەرباری گرانی‌و نەبونی و بیکاری و ... مەسەلەی بی خانە و لانەییش موتەکەیەکە باری سەرشانی کۆمەلانی بەرینی خەلکی قورس کردووە. بەناچاری هەزاران خیزان لەکوردستان‌دا سەرپەنایەکیان بۆخۆیان لەشوینە چۆلەکان و قەراخ شارەکاندا دروستکردووە لە قوروبەردو داروتەنەکە. بەلام لەلایەن دولەتی هەریمی ئەوکاتەی (سەوزوزەرد)ەوە، ئەو سەرپەنایەشیان پی‌رەوا نابینری و نەخشە دائەنین بۆرووخاندنیان. وەلەمانگی ١١ / ١٩٩٣ دا بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەوەزیر و مسئولینی دولەت لە سلیمانی کۆبونەوەیەك دەکەن لەسەر مەسەلەی
"تجاوزات!" بەئامادەبونی نوینەری حیزب و ریکخراوەکان.

لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە بریار دەدەن کە ئەو خانووانەی بی تاپۆن بروخیرین، هەر لەو کووبونەوەیەدا نوینەری "یەکیتی بیکاران لە کوردستان" بەتوندی لە رووی ئەم پیلانەدا وەستایەوە، وە ئەرکی بەرگری کردنی لەو مەسەلەیە خستە دەستوری کاریەوە. بەکر عەلی لەگەل دایکی و براکەی خیزانیك بوون لەخانووە بی تابووەکانی حامیەی سلیمانی. لەدوای ئەوکۆبونەوەیە بەکر بەیاننامەیەك بە زمانیکی ئەدەبی کاریگەر دەنووسی بۆ ریکخراوەی مافی مروڤ و حیزب و ریکخراوەکان دەینیریو داوای هاواکاری دەکات. ئیتر لەوە بەدواوە دەبیتە رابەریکی خۆشەویستی خەلکی بیخانە و لانەی سلیمانی. وەبەهاوکاری راستەو خۆی "یەکیی بیکاران" ئەو نارەزایەتیە دریژە پی ئەدری، هەر لەوکاتەوە بەکر و ژمارەیەکی زۆری ئەو خەلکە دەبنە ئەندامی (ی.ب). لەرۆژی "١" ئایاری ١٩٩٤دا هەموو خەلکی بیخانە و لانەکانی سلیمانی بە ریپیوان بەرەو ( یاریگای سلیمانی) دەچن و بەشداری دەکەن لەو مەراسیمەدا، بەکریش وەك نوینەریان ووتاریك لەسەر کیشەکەیان دەخوینیتەوە کە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس گوییان لەقسەکانی بوو، تەواو جیگای رەزامەندیان بوو.وەدوای سەرهەلدانی شەری کۆنەپەرستانەی (یەکیتی و پارتی)، پارتی دەیویست بەکر بکرری و بە سوودی خۆی بەکاری بینی، ( یەکیتی)یش ئەیویست رازی بکات بەوەی خانوویەکی بداتی و تیدا دابنیشی بەو مەرجەی واز لەو مەسەلەیە بینی. بەلام هەولەکانی (زەرد و سەوز)ی رەت ئەکردەوە. چونکە ئەو تەنیا بیری لە خۆی نەئەکردەوە. لەدریژەی ئەوکیشەدا پاریزگاری سلیمانی (سالار عزیز!) لە رۆژی ١٩٩٤/٨/١٥ بانگی دەکات و هەرەشەی لی دەکات کەواز لەو مەسەلەیە بینی، کە رازی نابی، زیندانی دەکات بۆماوە شەش رۆژ پاش سوکایەتی و ئازاردانی ئازادی دەکات، لە ژیر فشاری (یەکیتی بیکاران) کە بەیاننامە بە ژمارەیەکی زۆر بلاو دەکاتەوە لەسەری. بەکر سووربوو لەسەر بەرگری کردن لە مافەکانیان. تا دولەتی سەوز بی هیچ گویدان بەخواستی ئەو خەلکە و دۆزینەوەی ریگاچارەی گونجاو، بریار دەدات

کە لە رۆژی ٩/١دا دەست بکات بە رووخاندنی خانووەکانی حامیە. وەخەلکەکەش بریار دەدەن کە بەیانی هەمان رۆژ بە ئاکسیونیکی هیمنانە بچنە بەردەم بارەگای پاریزگار. وە بەیانی ئەو رۆژە لەلایەن نوینەری پاریزگارەوە پیش دەست پیکردنی ئاکسیۆنەکە، هەرەشەی راستەوخۆ لە بەکر دەکەن، ئەگەر ئاکسیۆن بکەن ئەوا باجەکی لەدەستدانی ژیانی خۆیەتی !! بەلام بە باوەری بەهیز و لەخۆبووردووی ئەو ئاکسیۆنەکە ئەنجام دراو ئەویش بەشداری تیدا کرد، بەداخەوە لەبەردەم بارەگای پاریزگاری مافی مروڤ!! و بەنەخشەیەکی پیشتر داریژراوی تیرۆریستانە لەبەرچاوی خەلکەکە تەقەی لی دەکەن پاش برینداربوونی زۆر ترسنووکانە ئیعدامی دەکەن. دایکی جگەرسووتاویش شینی بۆ سیهەم کوری کرد، دووانی پیشتر کەبەدەستی بەعسیەکان ئیعدام کراون. مەخابن پاش سالیکیش دایکیشی بەحەسرەتەوە سەرئەنیتەوە.

بەکر عەلی تا ئاستی ناوەندی خویندووە، لەبەر نەبوونی وازی لە قوتابخانە هیناوە. وە لەرووی سیاسیەوە ئەندامی (ی.ن.ك.)بوو، تاوەکو سەرهەلدانی کیشەی خانووە بی تاپۆکان، کەبینی چۆن (یەکیتیی)وەك پارتیکی بۆرژوازی بەکردەوە تەنها لە ئاستی خەلکی کریکار و دەستەنگدا یاسا بە زەبری هیز بەکار دەهینن، بەلام سیاسەتیان و هەموو یاسا شارستانی و ئینسانییەکان دەکەنە قوربانی تاجرانی نان و شەر و خۆلی بەر پیی تیرۆرستان .هەر بۆیە بەکر بە قەناعەتەوە وازی لەو حیزبە هیناو نزیك بووەوە لە بیرو باوەری کۆمۆنیستی. رۆژیکیان پیکەوە بووین لە خانووەکانی (حامیە) قسەیکی زۆر جوانی کرد، ووتی (بیرو باوەری کۆمۆنیستی لە نیو واقیعی ژیانی ئەم خەلکە هەژارو برسییەوە سەرچاوە دەگری و مانا پەیدادەکات، کەچی خۆشیان لیی بی ئاگان !) منیش ووتم ئەرکی تۆ و ئیمەشە بیگەیینین پییان .

بەکر کەسیکی لە خۆ بردوو بوو، لە رۆژی (١٤-٨-١٩٩٤) ئیوارەیەکی درەنگ بوو، لەگەل بەکردا لە حامیەوە بەرەو خوار دەهاتین، لەبەردەم باخی گشتییدا ، کوریك

بەرەو روومان هات ، پیش ئەوەی بگاتە لامان پیی ووتم بەجیم مەهیلە ، ئەو کورە لەگەل مندا کیشەی هەیە. کورەکە گەیشتە لامان و سلاوی لە بەکر کرد و پیی ووت :باپیکەوە چەند قسەیەك بکەین ، بەکریش ووتی باشە ئەویش هاوریمە و حەز دەکەم لە کیشەکەمان ئاگادار بیت .

بەکر روو لە من دەستی بە قسە کردن کرد: لەسالی (١٩٨٢)دا لەگەل هاورییەکم دا بەریگادا دەرۆیشتین، تووشی ئەم کورە و کەسیکی تر بووین، من نەم دەزانی ئەم لەگەل هاورییەکەم دا کیشەیان لەنیواندا هەیە ، رووبەرووی یەکتر بوونەوەو کردیان بە شەر منیش لەگەل ناوبژی کردندا لایەنگریم لە هاوریکەی خۆم دەکرد ، ئەوان دووان بوون ، ئەوساکەش ئیمە هەرزەکار بووین .

بەدەستی برادەرەکەم خوین لەدەم و چاوی ئەم کورە هات، ئیتر رۆژگار هاتوو رۆژگار تیپەری ، برادەرەکەشم لە پیشمەرگایەتیدا شەهید بوو.

بەلام ئەم کورە هەر وازی نەهیناو رق وکینە وگیانی تۆلە کردنەوە لە ناخیدا هەر هەبوو، وەك گرییەکی دەروونی لی هاتووە . بینینی خوینی دوژمنەکەی. برادەرەکەی منیش شەهید کراوە ،ئەمیش لەگەل مندا ئەو کیشەیەی هیشتووەتەوە ، وەچەندین جار پیکەوە قسەمان کردووە ، بۆئەوەی واز لەو بیر کردنەوەیە بینیت ، دووازدە سالە ئەم کیشەیە دریژەی هەیە، پیم ووتوە کاکە گیان وەرە بم کوژەو خۆت و منیش رزگار بکە . کورەکە قسەکەی پی بری و ووتی : بەلی چەند جاریك دواشت کەوتوم و دەمانجەشم پی بووە کە بتکوژم ،بەلام ئاخ تۆ ئەو کورەی جاران نەماوی ، ئیستا مرۆڤیك و کەسایەتییەکی تری و ریزت لی دەگیری ، دەستم ناچیتە ئازار دانی تۆ.خوزگە وانەبوویتایە بۆ ئەوەی هەموو شتیکم بەرامبەرت بکردایە ،لە وەلامدا بەکر ووتی : باشە کاکە گیان هەر بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئەو گری دەروونییەی تۆ ئەو جارە گویزانیکم نەدایتی ، بو ئەوەی بیدەی لە گیانم و خوینی لی بینی ، کەچی نەتکردو رازی نەبووی، تاوەکو خۆم دەستم گرتی و بەزۆری دام لە سەری خۆم و

خوینی لی هات ، پیم ووتی با بەس بیت، ئەوە خوینەکەم .
پاش چەند قسەیەکی من ،کورەکە روو لە بەکر ووتی : باشە سبەینی ئیوارە تۆ ئەو هاورییەت (واتە من) دەچین بۆ دوکانی برای ئەو برادەرەت کە کوژرا،لەوی بۆ دوا جار قسە دەکەین و کۆتایی بە کیشەکە دەهینین .بەلام بەیانی نیوەرۆکەی بەکر زیندانی کرا، وەك پیشتر باسم لیوە کرد .
یادگارییەکی تری هاوریی گیان بەخت کردوو : کاتی کە لە ( فەوجی حیمایەی سالار عەزین) زیندانی دەکری لە ژووریکی بچووکی بە پلیت دروستکراو کە بە رۆژ دەبوو بە تەنوور. خۆی دەیگیرایەوە : پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو، لەو دیوی ژوورەکەوە گویم لی بوو ،پاسەوانەکان بەیەکتریان دەووت : ئەوە ئەو کورەیە گیراوە کە لە مەراسیمی یەکی ئایاردا لە مەلعەبەکە قسەکانی کرد، ناو بەناو هەردەم و چاوی تازە بوو لە پەنجەرەکەوە بە چاوی ترسنوکانەوە سەیریان دەکردم بەخۆمم ووت کە فعلا کەسایەتییەکی گەورەم ، هەر بۆیە گویم بەگەرمایی ناو ژوورەکە نەئەدا. وە هەروها تەواو هەستم بەوەکردبوو کە ئیوە (ی.ب.) و هەلسوراوانی بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستەکان پارتە بۆرژوازییەکان لیتان ئەترسن ، کە رۆژیك ببنە هیزیکی کۆمەلایەتی بەرفراوان و بەمەرگیان بسپیرن، هەر بۆیە حیسابتان لەسەر دەکەن .
پاش تیرۆرەکەی ، لە لایەن چەندین ریکخراوەی کریکاری جیهانەوە نامەی نارەزایەتی نیردرا بۆ نووسینکەکانی (ی.ن.ك.)، وە لەلایەن ریکخراوی لیبووردنی نیو دەولەتییەوە بەیاننامەی لەسەردەرچوو . وەلەچەندین بلاوکراوەی سیاسی و ئەدەبی لە کوردستان و ئەورووپادا باسیان لەو تاوانە کرد ، بەداخەوە ئیستا ئەو نامە و بلاوکراوانە لەبەر دەستدا نین .رۆژنامە نووسیکی یابانی کە هاورییەکی بەکری دەناسی پاش تیرور کردنەکەی ووتی :(( **بەکر رابەری ئەو خەلکە هەژارە بوو، رابەری ئاواش بەزەحمەت پەیدا دەبیتەوە پیویستە هەرگیز لەیاد نەکری** . ))



# منو تـۆ

(١)

نە تۆ ئەنوی نە من ئەنوم
تۆ بالورەی گەرانیکی بیسنووری
منیش نمەی زەردوسووری
ئابروی تکاوی ئارەزووم
ئیمە لەنیو وردە شەپۆلی خەمانا
یەک دوو چرپەی نە بیستراوین
لەنیو جەنگی مەیتەری عاشقەکاندا
دوو سەربازی نەناسراوین
ئیمە خوینی برینیکی نەبینراوین
کەدەریا دواینهەنکاوی شەتەکدا
شەپۆل بوە پارچەگوریسکی پساو
سەدان سالە سەولی مەینەتی
لی ئەدەین
ناگەینە سەر دلۆپی ئاو

(٣)

دایە... دایە
ئازارە بێ جەمسەرەکەی شیعرو دەسرازە و لایە لایە
لەگەرانی
ئەو جانتایەی خۆمی تیابووم... دام بەشانما
درەختی بووم
هە لیان کەندم لەناو دونیای رەگەگانما
* * *
رۆژگارەکان لە چاوی قەسیدەوەوە رەنگ ئەریژن
تابوتەکانیش پیم ئەلین
دایکت دەمری و لەدەستی تۆیا ئەینیژن
* * *
شەقامەکان
لە هەردوو قاچم ئالاون
گەربێ و بچم واتیک ئەشکیم پەراسوم دەچی بەچاوما
گەر بێ و نەچم
ئەبمە تەختەو لەقەراغی جادەکانا بزمار ئەژی لەهەناوما
* * *
دایە ... دایە
وائەبینم خۆزگەکانم لەگەل میلیکاتژمیردا یەکتر ئەخۆن
ئەم شیعرانە وولاتە گچکەکەی من و
گونکی ژیر تیرۆگەکەی تۆن

# "سروودی هاوپشتی"
## بیرتۆلد بریخت

لەسەر ئاوازی سەرەکی
سروودەکە ووتراوە کە
دانراوی "ئایسلەر"ە
وەرگیراو لە (( سرودەای
در ستایش و أشعار دیکر))
وەرگیرانی لە فارسییەوە
" ئەزین"

یەککگرن گشت ئەی گەلان
لە جەنگی ئیستای خۆتان
بەرهەمی دونیا دەبی
بۆ ئیوە بیت بی گومان

دە هەستە! لە بیرت بی
کە هیزت لە چی دایە
گەر تیری تۆ، یان برسی
دە هەستە! لە بیرت بی
هیز لە هاوپشتیدایە

ئەی رەش! سپی! زەردو سوور
ئەم شەرە فریدە لاوە
شەری گەلان بۆچیە ؟
سوودی دوژمن بەو لاوە

دە هەستە! لە بیرت بی
کە هیزت لە چیدایە
گەر تیری تۆ ، یان برسی

دە هەستە! لە بیرت بی
هیز لە هاوپشتیدایە

گەر لە نیوچی شیوی خەم
لە هەولی من یان تۆیە .
کە تۆ بیتە نەیارم
بۆ ریزت بی هیزیە

دە هەستە! لە بیرت بی
کە هیزت لە چیدایە
گەر تیری تۆ، یان برسی
دە هەستە! لە بیرت بی
هیز لە هاوپشتیدایە

شادن بە ناکۆکیمان
خاوەن کارو سەروەران
تا دوو بەرەکی هەبیت
فەرمانرەوا ئەبن ئەوان

دە هەستە! لە بیرت بی
کە هیزت لە چیدایە
گەر تیری تۆ، یان برسی
دە هەستە! لە بیرت بی
هیز لە هاوپشتیدایە

یەککگرن ! ئەی کارگەران
تا ئازاد بن لە زیندان
سوپای زۆرینە،بجەنگە
دژی سەرکوتی سەروەران

دە هەستە! لە بیرت بی
کە هیزت لە چیدایە
لە بیرت نەچی هەرگیز
کەدوارۆژ رۆژی کییە ؟
ئەمدونیا دونیای کییە؟

# "بیرەوەرییەکانی رۆژانی جوودابیم پیشکەشە بە هاوسەرم و بەوانەی هاوبەشن لە هاوارم دا"

جمال کوشش

( ١ )

"سەبووهە قژ خورمایە نیگرۆییەکەم . . . . . لە رومای پایتەختی ئیتالیا بووم ،خەونت بە دایکە کزول و خۆشی نەدیتوەکەتەوە دییوو، هەر ئەو سادەییەت ماوە ،زۆر تەنگاو بی ،هەست بە دارمان و لی قەومان بکەی، خەوون بە خۆشەویستە دوورەکانەوە دەبینی، هانا لە دونیایەکی ئەفسووناوی دا بۆ یارمەتیدەریکی سیحراوی دەبەیی ! ، دەزانم، پەرۆشم بووی ،ئەسرینت باراندووە و دلە راوکی وچەند رۆژ خەو و خواردنت نەبووە، ئەو دەمیش هەستم دەکرد، بەلام هەی گیانی گیان، رۆحی نەسرەوتووی جەمال، شەوانە لەناو کارتونەکاندا بۆت هە لکروزاوم، ئارامم نەبووە، ئاخ، پارەم نەبوو، فاکسیک بکەم تا ئەودلەی تەمی خەست دەویست بیکوژی، پەرکەمی تەنیایی ودووری و بیکەسی دەیکوشت، خۆری خۆشی ئۆخەی بەدەرخەم . . .تا ئەو گیانەی وینەی سامناکی خویناوی دەخستە نیو مۆخی، بیخەمە خوار، . . . راپەرینم ئەو لاشەی خەریکە خەونی ناخوش پرخەی لی دەخا ،ووزەی هەمیشەیی رۆحی شەلالم . . . رۆما، رۆمای جاران نییە ،ئەسەواریک لە شوین پی "دانتی " دیار نییە، هونەری دافنیشم نەبینی، مایکل ئە نجیلوم نەبینی، خوشەویستی و جوانیم نەبینی. . . . هەر دەلی یەك دانە رۆژیش شۆرشی رینیسانس بەرپا نەبووە . . . . شار وەك جەستەی لەبەرد هەلکەندراوە، رۆحیشی بە بەرد بووە، . . . بە هەزاران لە نیو شەقامەکان، لە پەناو پەسارەکان، لە نیو میزو بیرە و تلیاك ولاکەوتەکان، پال دەکەون، . . . ئەلیزاکەم . . . پۆلیس و مافیا بە جووتە ئیشك دەگرن و بەربوونەتە گیانی کەنەفتی ئەو حەشیمەتە، کلیسا بۆتە مەرقەدی نیر بازی و هەرکوی دەچی. . . . کلیسایەك قووت بووەتەوە، سەر هەر ترافیکیك چەند دوودەکی و نیر بازیك تەنگەتاوت دەکەن. . . . رۆما ئیستا رۆژگاری نیرۆن دووبارە دەکاتەوە . . . . من نەسووتام بە ئاگری برۆن، ئاگریکی تر لەدەروونمدا وە واش دەزانم لە دەروونی زۆر کەسی تریش دا هەبوو،

دەردی دەردان بوو . . . لە بیرەوەرییەکانم . . . . رۆژگاری سەختمان گوزەراند . . . خالیکی کەش هەیە دەمەویت بۆت باس بکەم، کیژیکی منال کارەی ئەسیوپیی کە کەم کەم عەرەبیشی دەزانی، وا پی دەچوو لە سعودیە خزمەتکاری نیو مالی کردبی، لەگەلم ئاشنا بوو، ئاکارو رەفتاری وە تەنانەت چەناگە ودەم وددانیشی کە جی نزرگەی خودای ماچە لە تۆ دەچوو، زۆر لە ئیواران بەیەکەوە لە کەنیسە نانمان دەخوارد، قسەیەك لە من و قسەیەك لەو باس هاتە سەر . . . .

( ٢ )

"ژیکی . . . ژیکۆلە هەناسەکەم . . . . چۆنە، لەو شەوەی کە رەشە با هیشتا شاری نەخستبووە هاراو زەنا، را پەری لە دەنگی میل و زریکەی تۆ، ئەو کات پایزیکی درەنگ بوو، ئیمە بەخاتری ئەوەی ژیکەمان ساوا بوو، چووبووینە ژوورەوە، تازە یەکیتی، سلیمانی داگیر کردبووەوە، ئەوان بەبن دارمیوەکاندا تەواو بەژوور کەوتبوون، کزبایەك یاری لەگەل گەلا وەریوەکان دەکرد ،ئیمە هیشتا باس و خواسمان خۆش خۆش بوو، ویستم هەلسم جگەرەیەك داگیرسینم، لە حەوشەرا دەنگیداو لی خورین و چەند کەس میلی هیناوەو بوو بە هەرا . . . . ئۆە ،دلەکەم، وادەزانم حیکایەتی ئەو رووداوە، ئاگادار نیت، نەمزانی هەر ئەو جارە بوو، ژیلە زارەترەك بوو، نەخۆش کەوتوو لاواز بوو، لە پیاوی ریشن و چەك تۆقی دەچوو،هەر ئیواران، خۆی گرمۆلە دەکردو دەنووست،شەوانە ورینەی دەکردو دەیقیژاندو لەناکاو رادەپەریو ئارەقی دەکرد، حەزی دەکرد مالمان چۆل نەبی، بەو ساکارییە دەیووت دایە! بابچینەوە لای بابە حاجی، تا گەورەش بوو، زەرد هەلدەگەراو چاوەکانی پر ئەسرین ئەبوون و گۆناو لیوی شۆر دەبووەوە و هەلدەلەرزاو خۆی توند توند بە لاقمەوە دەگرت. . . . ئیستا کە گەورە بووەو ئارەزووی لە خۆریکخستن و گۆرانییە،دەچیتە قوتابخانەو بە پرسیار بیزارت دەکات . . . نازانم رۆحم لە هەوای کام شیعر سەما دەکات . . . شادمانم و وادەزانم . . . . جیهان سەوز و تەختاییە، سەوزە ئاواتم ، هیواکانم چرۆ دەکەن .

لەو دەمەوەی ئەو نامە خۆشەت بو نووسیوم،دەرگای جوانی دونیا، ئاوەلایە ،کراوەیە . . . .

" _ _ _ "

رياح سعيد

في ضوء الدثث المنسية ،
تتراكم قتلى أيامنا سقوطا
في غرابيل المستشفى المزمن
هناك تتوزع شرايين الجثث
على رمال النقاهة ، بعد أن تحكم
إغلاق ذاكرتنا بالبساطل .
جثث تسعل على طاولة التشريح .
جثث مرهونة يفاقع التعازي ،
تصانع البهجة بالمرايا . . .
تزدر رماد الفواجع الخضراء .
من عتمة الأشجار الورقية المنثورة
من بقايا حلم بالثلج تغفو جثث
موتي اليومي . . .
لربما جاءت تتسربل ليلا ، . . .
تطلب ُ طيف ابتسامة
أخر الاصفار . . .
لربما جاءت تشكو لوقت الخاثر في العيون
لربما أرجأت كل ذال ُ لصحو الحفنة
أسى أو "عتبة" بان حنون
لربما جاء وحدة قليلا
يطيف نخلة
أو كركرات طفل مجنون .

## ـ الذاكرة الموتى ـ

هدى عامر

يوقظني عبث الحشرات من موتي
تنفتح فى القلب الدمامل
تنز ماءها الملوث فوق جثتي
أخرج ُ من هذا الموت –
الي الصحراء
أنفض ُ عن جبهتي غبار سنوات من المدن التي أرتحلت ُ تحت خرابها
أرتق ُ بأصابعي ذاتي المهزومة
أعد ُ أماسينا . . .
أعد ُ مآسينا . . .
أعد ُ أعقاب الوحدة متأملة الدخان
فيلتف ُ الرعب بأضلاعي كملاءة سوداء
تنفتح فى الروح بؤر اللعنة ..
أذكر ُ
ذات ليلة، حلمت بالفرح
والليلة الاخرى بظلال التوت
حلمت ُ بالزهر يتوج ُ رؤوس الاطفال
أبطال براءتنا المفقودة
حلمت ، حلمت ، حلمت
فأنتصب إله ُ الضياع
حمزقا أجنحتي

# راوە کۆمۆنیست لە هۆلیوود

ئازاد ئەبدوللا ئالمان(کۆلن)

ئازادی دیموکراسی سنووری هەیە، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە سوود لە ئازادی و دیموکراسی وەربگیری بۆ دەربرینی هەستو نەستو خواستی زۆربەی زۆری مرۆڤایەتی دژ بە سیستەمی (ئازادیو دیموکاسی) سەرمایەداری .

کۆنترۆلو سانسورکردنی فیلمو تەنگ پی هەلچنینی ئەستیرەکانی سینەماو دەرهینەرە شۆرشگیرو پیشکەوتنخوازو مرۆڤ پەروەرەکان ئەورۆ بووەتە کاریکی ئاسایی، رژیمە دیکتاتۆرو خوینریژەکانی سەرمایەداری .

وەك راونانو سزادانی یەلماز گۆنای بەزیندان، لەبەر ئەوەی کە تادوا هەناسەی دژ بە رژیمی دیکتاتۆری کەمالیستەکان خەباتی کردو، ئەو مرۆڤە بلیمەتە بە فیلمەکانی رووی چەپەلو درندانەی رژیمی بۆرژوازی تورکیەی دەرخست .

ئەم سەرکوتو راونانە دیاردەیەکی نوی نییەو لەسایەی سەرمایەداریدا دەگەریتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە، واتە هاوکات بە ئالوگۆرە شۆرشگیرییەکانی پیشو دوای جەنگی جیهانی یەکەمو دووەم .

لاپەرەیەکی گەشی خەباتی دەرەهینەرو ئەستیرەکانی سینەما لە کانگای سینەمای جیهانەوە ( هۆلیوود)وە دەستی پیکرد .

لە سالی ١٩٤٧دا، دامودەزگاکانی ئاسایشی ئەمریکی بەشیکی گەورەی کاریان تەرخان کرد بۆ دژایەتی کردنو تەنگ پی هەلچنینی خەباتگیرە شۆرشگیرو پیشکەوتنخوازەکانی ئەو کاتەی هونەری سینەمایی . کە بەناوی (راوی جادوو گەران) ناسرا.

بەلی، هەموو ئەو فیلمە سینەماییانەی کە باسیان لەمافی مرۆڤو ژینی ژیردەستەییو بەشمەینەتی مرۆڤی ئەم سەرزەمینەی ژیر سایەی سەرمایەداری دەکرد، لەلایەن دامودەزگاکانی رۆژنامەگەریو ئاژانسەکانی (F.B.I )ی ئەمریکیو سیاسەت

مەدارەکانیانەوە تاوانبار کران بە (کومونیست)و(بولشەڤی).

ئیریك ژونسونی، سەروکی کومەلەی بەرهەم هینەرەکانی سینەمایی هۆلیوود، بی شەرمانە (ئیدوارد دیمیتریك)و نۆ هاوریی تری بە ( ریز نەگرتنی کۆنگرە)و هەبوونی (بیرو بۆچوونی کۆمۆنیستی) تاوانبار کرد چونکە رازی نەبوون کە وەلامی ( لیژنەی لیکۆلینەوەی چالاکی دژە ئەمریکی ) بدەنەوە. کە ئەم لیژنەیەش چەند مانگ بوو خەریکی تویژینەوە بوو لەژیر سەرپەرشتی سیناتۆر (جۆزیف ماککارتی)دا لەمەر (کاریگەری کۆمۆنیستی لە سینەمای ئەمریکی)دا .

بەلای ئەوانەوە: کۆمۆنیستەکانو لایەنگرانیان دەیانەوی داب و رەوشتی ئەمریکی بۆگەن پی بکەنو، هاونیشتمانانی ئەمریکی لە خۆشەویستی ئەمریکا دوورخەنەوە.

ئەم کارەی ئەو لیژنەیە بووە هەرایەکی گەورەو مایەی نارەزایی نووسەرانو رۆشنبیرانو ئەکتەرو دەرهینەرانی سینەماو، لەسەرتاسەری جیهانیشدا دەنگی دایەوە، کاتیك ( چارلی چاپلن) ئاگادار کرا کەوا ئەویش ناوی لە (لیستەی رەش)دایەو دەبیت لەو رۆژانەدا بانگ بکریتە بەردەمی (لیژنەی لیکۆلینەوەی چالاکی دژە ئەمریکایی)، ئیتر ئەم یەکسەر کەوتەخویو دەست پیشخەری کردو نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەو لیژنەیە ( J. Parnell Thomas ) کردو لەو نامەیەدا رایگەیاند بوو( من کومونیست نیم، من ئاژاوەچیو یاساتیکدەرم !...) بەلی چەند هەفتەیەك بوو بلیمەتی هەرە خۆشەویستی کۆمیدی، چارلی چاپلن ،کەوتبووە بەرشالاویکی هەمەلایەنەی کۆنەپەرستیو پاریزەرانی رەوشتی کۆنوبۆگەنی ئەمریکیو کۆمەلەو ریکخراوە (رەوشت پاریز)ەکانی ئامریکا.

بەتایبەتی زۆر بەتووندی دژ بە فیلمە نوییەکەی (Monsieurr Verdouz) وەستابوونەوە کە گالتەی بە رەفتارو کرداری بۆرژواکان دەکرد...

بەوەشەوە نەوەستان هەرەشەیان لە هۆلی ئەو سینەمایایانە کرد کە ئەو فیلمە نیشان دەدەن.

لەوەش زیاتر لەدوازدەی **Juni** ١٩٤٧دا سیناتۆر ( ژون رانكین) رایگەیاند: ئەم كەسە زۆر مەترسی دارو تا بلیی بۆ رەوشت (مۆرال)ی ئەمریكا زیانبەخشە. بەدوور خستنەوەی لەسەر خاكەكەمان، لە شاشەی سینەمای ئەمریكا دوور دەخریتەوە. بەو چەشنەش فیلمە هیچوپوچەكانی گەنجەكانمان تیك نادەن.

لەسالی ١٩٤٩شدا، راپۆرتیكی( F.B.I) بلاوكرایەوەو چەندین ئەكتەرو ئەستیرەی سینەمایی‌و دەرهینەر وەك: Paul Muni, John Garfield, S lvia Sidny & Edward G. Robinson...هتد.

هەر لەم كاتەیشدا كۆمیسیۆنی سیناتیش لیستەیەكی چەند سەد كەسی (چالاكی دژە ئەمریكایی) بلاوكردەوەو بەپیی ئەو راپۆرتە ئەو كەسانە كەوتوونەتە ژیر كاریگەری (پارتی كۆمۆنیست)ەوە .

ئەو لیستەیەش بریتی بوون لە بلیمەتە هەرە ناودارەكانی ئەو كاتەی هۆلیوود، لەوانە:(Katharine Hepburn, Charlie Chaplin, Fredrich March, Gene Kell, Dann Kaye, Frank Sinatra, Gregory Peck, Orson Welles,) بیگومان زۆربەی ئەم ئەستیرانە بە بیروباوەری شۆرشگیرانەو خەباتیان لە پیناو مافی مرۆڤدا ناسراون، بەلام بەپیچەوانەی بەندوباوی بۆرژواكانەوە كە هەمیشە باس لە ئازادی‌و دیموكراسی دەكەن، دەبینین ئازادی تەنیا بۆ رامبۆ وپالەوانەكانی حوكمی چەتەگەری و مرۆڤ كوژی سیستەمی سەرمایەداری ئەمریكی‌یە نەك بۆ ئالا هەلگرانی بیری شۆرشگیرانەو خەباتگیرانی ئازادی‌و دیموكراسی زەحمەتكیشان.

# ژیـــانـــــامـــەیـــەك

و. هەژین

لاریسا رایسنەر (Larissa Reisner)، ژنیکی سەرنجراکیشو بەرچاو بوو، تەنانەت بۆ ئەو سەردەمە سەرنجراکیشترەی کە ئەوی تیدا دەژیا. ژنیکی کەموینە کە بی ناو و نەناسراو مایەوە. کیسسی پورتەر (Kath purter) ناسینەری لاریسا، نەك تەنیا ئەومان وەك یەکی لە روخسارە ئەدەبییە زۆر درەوشاوە و بە بەهرەی سەردەمی شۆرشی ئۆکتۆبەر پی دەناسینی، بەلکو لەگەل سوشیالیستیکی شۆرشگیرو، فەرماندەیەکی (نیزامی) درەوشاوە وبە تواناو ورە بەرز لە شەری ناوخودا، وە دواجار لەگەل کۆمۆنیستیکی ئەنتەرناسیونالیستدا ئاشنامان دەکات .

هەر سەردەمیك کەسایەتی و پالەوانانی خۆی دەپەروەرینی، لەوانەش سەردەمە رەخساوەکانی میژوو، بەلام لەسەردەمە رەخساوەکاندا ژمارەی کەسایەتییە هەلکەوتووەکان بەجۆریك نایاب دەبن زۆربەی ئەم روخسارە هەلکەوتوانە بەهۆی هاوسەردەم بوونیان لەگەل روخساری هەلکەوتووتر لەچەوتی رووداوەکانو، لە واقیعە ئاوەژووەکاندا، ناویان ون دەبیت .

ئاوازدانەرانی هاوچەرخی مۆزارت لەو بابەتە زۆر ناسراوانەن کە لەم ستەمەی میژوو بیبەش نەبوون .

سەردەمی ئۆکتۆبەریش لەم جۆرە سەردەمانە بوو. بەجەسارەتەوە دەتوانی بلیی لە هەموو بوارەکانی داهیناندا هیچکات میژووی مرۆڤایەتی دەولەمەندی و گەورەیی ئەم سەردەمەی بەخۆە نەدیوە. روخسارەکانی وەك ( روزا لۆکزۆمبۆرگ، ئەلیکساندرا کۆلۆنتایو کلارا زتکین )یش لاریساو کەسانی وەك ئەویان خستە ژیر تیشکی خۆیانەوە.

سەردەمی منالی لاریسا هاوکاتی سەردەمی کۆنەپەرستی تزاری و ئەشکەنجەو ئازاری سۆشیالیستەکان بوو. ئاوارەیی و دوورخستنەوەی خیزانەکەی لە و ولاتەکانی

ئەورووپادا ئەویان لەگەل کۆرو کۆمەلی رۆشنبیری ئەورووپایی، سۆشیالیزم، شورش و ئەنتەرناسیونالیزم ئاشناکرد. ئەویش وەك گشت منالانیك کە لە هەلومەرجی کۆمەلایەتیو خیزانی چوون یەکدا پەروەردە دەکران فیر بوو کە سەربەخۆ بیت، رەخنەگرانە بیربکاتەوە، جەربەزە بیت ولە سەر کۆنە نەترسیت، میژوو، رامیاری، زانست، هولەکانی شانۆ و ئۆپیرا سەرقالی سەرەکی سەردەمی لاویتی وی بوون. لەگەل ئەوەی کە سروشتیکی جوانی هەبوو، بەلام، سەربەخۆ و لە باوەر بەخۆبوونیکی سەر سورهینەر بەهرەمەند بوو. زیرەکی گرنگترین تایبەتمەندی ئەوبوو.

ئەو گشت تایبەتمەندی و(صیفات)ی کۆمەلگەی رۆشنبیری وتەنانەت سۆشیالیستی (پترزبۆرگ)ی پیش شۆرشی تیدا بوو.

فیبریوەری(١٩١٧) لاریسای لە هەوەلین هۆگری، واتە ئەدەبیاتو شاعیری، ئەرفینیو دەیداتە پال شۆرش. ئۆکتۆبەر بوو کە هۆشی لەبەر بردو بووە دواین هۆگری.

لە بیستودوو سالیدا لە مانگەکانی سەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەردا بە بۆلشەڤیکەکانەوە پەیوەست بوو. لە ماوەی شەری ناوخۆدا چووە شەری دژە شۆرش و هەوەلین ژنیك بوو کە گەیشتە پلەی کۆمیساری نیزامی. لەکاتیکدا کە لەسەر تەختی گەلەکەشی لە دەریای خەزەردا جلوبەرگی جەنگاوەری لەبەر دابوو ئەرکی زۆر ترسناکی وەك دەسنیشانکردنی دوژمنی لە پلەی کۆمیساری هیزی دەریاییدا بە ئازایەتییەکی بیوینەوە ئەنجام دەداو، بۆ مەلەوانان ئەدەبیاتو هۆنراوەی شۆرشگیری دەگیرایەوە. لە هەوەلین کەسانیك بوو کە پیرۆزی و شکست و، کارەسات ورە و پالەوانییەکانی شەری ناوخۆی تۆمار دەکرد. ئەو رەسەنترین رووداونووسی شۆرش بوو.

لە پاش سەرکەوتنی شۆرش، لەگەل هاوسەرەکەی کە ( لە ئەفگانستان شالیاری دەولەتی شوراکان بوو، سالەکانی (٢١-١٩٢٢) لە کابول بەسەربرد. ئەو لەوی راپۆرتی لەسەر کیشەو گرفتەکانی ژنانی ئەفگانی، خەباتی رزگاریخوازانەی هۆزەکانی ئەفگانو

هلومەرجی کارگەران لە کارخانەکانی کابول بۆ بلاوکراوەکانی روسیەی شۆرشگیر وتاری دەنارد.لە سالی ١٩٢٣ دا وەك پەیوەندی نهینی کۆمینتیرن نیردرایە ئالمان تاوەکو بە بەشداریکردنیلە شۆرشدا رابۆرت بۆ نیونەتەوەیی کۆمۆنیست(کۆمینتیرن) ئامادە بکات. لەدوا سالەکانی ژیانیدا وەك هەوالنیری تایبەتی (ئیزوستیا) بۆ گشت لایەکی روسیە سەردانی دەکرد تا لەبارەی چۆنیەتی ژیانی کارگەران لەناوچە پیشەسازییەکاندا رابۆرت ئامادە بکات .

لاریسا بەهوی تووشبوونی بە نەخوشی مەلاریا لە جەنگی ناوخۆدا، لە دەست لاوازی لە رادەبەدەری لەشی ئازاری دەچەشت. دواجار لە فیبریوەری ١٩٢٦دا لەژیر کارایی نەخوشی گرانەتا (تیفوس)دا مالئاوایی کرد.

بە مردنی ئەو شۆرشی ئۆکتۆبەر یەکیك لە ژنە هەلکەوتوو و کەموینەکانی لە تەمەنی(٣٠) سالیدا لە دەست دا.

لەگەل ئەوەی کە سی سال زیاتر نەژیا، بەلام، لە بەرهەمە ئەدەبییە لە پاشماوەکانی پینج پەرتووك و ژمارەیەکی زۆر وتار کە بەداخەوە زۆربەیان بۆ سەر هیچ زمانیك وەرنەگیردراون. تەنیا دوو پەرتووکی لە رابووردا وەرگیردراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی کە نایابن. با ژیاننامەی وی بە پینووسی(کیسسی بورتەر) هەنگاویك بیت لە ناساندنی پەرتووکی ئەم ژنە سۆشیالیستە، شۆرشگیر و پەنجە رەنگین و بەهرە جوانەی کە نەك تەنیا ژیانی خۆی کردە پیناوی ئامانجی سۆشیالیزم و ژیانیکی شیاو بۆ مرۆڤایەتی، بەلکو بە تۆمارکردنی رووداوەکانی هەوەلین سالەکانی شۆرش، گەنجینەیەکی بە نرخی بۆ پیداچوونەوەی ئەم رووداوە گرنکانە خستۆتە بەردەستی ئیمە.

شیوەی وتارو بەرهەمەکانی زۆر گەش و رەنگینە، پەخشانەکانی هەندیك جار پرن لە سوزو هەستی ناسك، هەندیك جاریش درکاوی و پیوەدەرن، بەلام، هەردەم شادومان بوونو بۆنی شۆرشیان لیوە دیت .

بەم شـیوەیە، شـیوازی شـاعیرانەو جوانـی، تەواوکـەری شـیکردنەوەی سیاسـیانەی وشك و نا ئەدەبییانـەی ئـەو سالانەی دەبیـت. ج لـە سـەردەمی ژیـانیداو ج لەسـالانی دوای بەرهەمـەکانی لـە نیوان جەماوەردا زۆر دلگیر بـوون وخوینـەری زۆریـان هـەبوو. لەگـەل ئەوەشـدا، هـاوری پیـاوە سیاسـییەکانی وەهـا بـەرخوردیکیان نـەبوو و هـەندیك جار بە گومان و دوودلییەوە تەنانەت دوژمنانە دەیان روانییە بەرهەمەکانی.

لەوانەیــە لەبــەر پیشــینەی فەرهــەنگی بۆرژوازییانــەی بیــت ! لەوانەشــە شــیوەی نووسینی (هونینەوەی) زیاتر شاعیرانە بووبیت تـا ئـەوەی کە توانیبیتـی مارکسیسـتی بیت! بەلام بۆ کەسانیتر، ئەو "ژنە نووسەریکی سۆڤیەتی"بوو کە لـەودا رزگـار بـووی کۆتەکانی خیزان و هاوسەریان دەبینی. وا دیتە بەرچاو کە تیروانینـەکانی بۆ ( پرسـە حەساسـەکانی) ژنـان ج لـە کۆمەلگـەی سـۆڤیەتی ئەوسـاو ج لـەناو پـارتی بۆلشـەڤیکدا، بەپیچەوانـەی (کۆلۆنتـای)، بـەدوای رووداو تارادەیـەك لـە واقیعـی ئـەو کـات دوور بـوو بیـت. هەلومـەرجی خیزانیو نشینگەیەك کە تییدا گەورە بووە دیارە کــە لــەم رووەوە بیکارایی نەبووە لەسەری .

ئەمرۆ، لەگەل زیندوکردنەوەی بیرەوەری ئـەم روخسـارە بەرجەسـتەیەی بزووتنـەوەی ژنـان و سۆشـیالیزم، پیـش هـەموو شـتیك دەبیـت لـەوداو نووسـینەوەی راسـتگۆیانەی شۆرشی ئۆکتۆبەردا بگەریین، شۆرشیك کە نـەك تـەنیا تـەواوی داهینـان و ژیـانی خـۆی کردە پیناوی .

کیسسی بورتەر پیش ئەم کارە ژیاننامەی (ئەلیکسـاندرا کۆلۆنتا)شـی نووسـیوە، بە ناسـاندنی ژنـانی نـەوەی شۆرشــی ئۆکتۆبــەر نــەك تــەنیا خزمــەتیکی بــەرچاوی بــە بزووتنــەوەی ژنــان و سۆشــیالیزم دەکــات، بــەلکو روخســاری واقیعــی شۆرشــی ئۆکتۆبەریشمان پیدەناسینی.

**نووسینی**: Cathy Porter Larissa Reisner A.biograph Virago Pionees,1988

وەرگیراو لەبلاوکراوەی (در دفاع از مارکسیزم )

# سەرنجو پیشنیاری خوینەران

**یابان: سمکۆ ئەحمەد**

پاش سلاو ریز : بەریزان، من ناوم (سمکۆ ئەحمەد)ە لە تۆکیۆ دەژیم، هاوری (      ) لە نامەیەکیدا باسی لە گۆڤاری ژیلەمۆی کردووەو منیش دەستخۆشکەریتان لی ئەکەم، بەوهیوایەی رۆژنامەو بلاوکراوەی رادیکال هەر لە گەشەدا بیت، من حەز بە وینەکیشان دەکەم ولەم بوارەدا کار ئەکەم، جا حەزم ئەکرد ئەگەر پیویستیتان بە هاریکاری هونەری هەیە ئەوا خۆم بە بەختەوەر ئەزانم کە هاریکاریتان بکەم، ئەمرۆ هاوری لەگەل ئەم نامەدا کوپی چەند رۆژنامەیەك و گۆڤاری (ژاپون)ی تان بۆ ئەنیرم کە هەندی کاری منی تیدا بلاوکراوەتەوە دوای کردنەوەی چوارەمین پیشانگای تایبەتیم لە هۆلی (داواکاسای) لە شاری تۆکیۆ ریکەوتی مانگی بەفرانباری سالی (١٩٩٧).

نازانم ئیوە پەیوەندیتان بە گۆڤاری (هانا)وە هەیە لە سوید ؟

حەزم ئەکرد کە چاوم بە ژیلەمۆ بکەوتایە ئەگەر گونجاوە حەز ئەکەم ئیشتراك بکەم لەگەل گۆڤارەکەتاندا.

ئیتر سوپاس          ٣٠/ ٧/ ١٩٩٨

**ژیلەمۆ** : ویرای ریزمان، ئیمەش بە گەرمی دەستی هاوکاریتان دەگوشین و سوپاسی هەستی هاورییانەتان دەکەین، ئیمە لە کاتی خۆیدا وەلامی تایبەتمان بە نامەکەتان دایەوە لەگەل ناردنی ژمارە دەرچووەکانی ژیلەمۆ، ئیمە بە هاوکاری ئیوە زۆر خۆشحالین ، بە تایبەت ئەوەی کە بەریزتان لە بواری هونەریدا کار دەکەن، ئەمەش پرکردنەوەی یەکی لە کەموکوریو بۆشاییەکانی ژیلەمۆیە.

هەروەها ژیلەمۆ گۆڤاری هونەری هەموو مرۆڤیکی ئازادە و یاخیبووە لە رژیمی گەندەلی سەرمایەداری .

سەبارەت بە هاوکاریمان لەگەل گۆڤاری (هانا) بەداخەوە هیشتاکە ئەو هەلە

نەرەخساوە و دیارە هەنگاو نان بۆ کاری هاوبەش و یەککرتوو خواستی ئیمەشە.

## سویسرا: جمال کۆشش

هاوری‌یانم لە گۆڤاری ژیلەمۆ: ویرای سلاویکی گەرم، دەستەکانتان بە دلم دەگوشم.
سەرەتا بە داوای لیبووردنیکی زۆرەوە، بی ئەندازەو بی پایان، سوپاستان دەکەم کە چەندجار بە سۆراخی"دۆستیکی شیزەی"وەك منەوە، تەلەفۆنتان بۆ چەند جیگای جیاواز کردبوو بەلکو پەیدا ببمەوەو لە هەوالم بزانن، لەو بارەوە یەکجار شادمان و بەختەوەرم، کە دۆستانیکی وەکو ئیوە نیازی هاوری‌یەتی منتان بەلاوە گرنکە وە لە راستی‌دا جیگای خۆیەتی لە ئاست "ژیلەمۆ"دا لەگەل دەرچوونی هەر ژمارەیەکی نوی‌دا دەقیقەیەك بوەستین، بەخاتری پاریزگاری کردن لە گیانی زیندووی، وە بەدلنیایی‌یەوە هاوکاری وهاوری‌یانیکی وەکو ئیوەی لە تەنیشت گۆڤارەکەوە مسۆگەر کردبی، تەقەی دووری دۆشکای دوژمنی نایگاتی .

سەبارەت بە هاوکاری‌و پەیوەندی نیوان مەلبەند بە چەند نامەیەك هاوری‌یانی جی مەبەستی خۆم ئاگادار کردوونەتەوە

گەر ژیان و خەبات هاویار بی، بەم زووانە دەگەین بە خالیکی پرشنگدار.

+ دەربارەی بلاوکردنەی گۆڤارەکە لە سویسرا، ئارەزوو دەکەم بۆچوونی خۆتانم بۆ بنیرن .

بە ئومیدی رۆژیکی گەش . جمال کوشش سویسرا ٥ ٦ ١٩٩٨

**ژیلەمۆ** : ویرای ریزو سلاوی بیپایانمان، دەستەکانتان بە گەرمی دەگوشین و خۆشحال بووین بە دووبارە پەیدابوونەوەتان.

گشت نامەکانمان لەگەل بەرهەمەکەتان لە ژیر نیوی دوو پەرەگراف "لە بیرەوەری‌یەکانی رۆژانی جوودابیم"دا پیگەیشتوون، ئەوا لەم ژمارەدا بلاومان کردنەوە.

لە وەلامی داواکارییەکەتان تلیکسەکەمان دووبارە بۆمان رەوانە کردنەوە.

سەبارەت بە هەولی هەلسنگاندن و رەخنە لە ژیلەمۆ ئیمە دەستخۆشانتان لیدەکەین و خۆتان بە سەرپشك دەزانین لە بلاوکردنەوەی لە هەر گۆڤارو رۆژنامەیەکدا گرنگ ئەوەیە خزمەت بیت بە هونەرو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی .

هەروەها لە بارەی گۆشەی رای ئازادو بەرگری لە ئازادی، ژیلەمۆ لەم راستایەدا خۆی بە سەکۆیەکی ئازاد دەناسینیت بۆ هونەرو ئەدەبی پیشرەوو ئازادە.

دووبارە ریزمان هەیە و چاوەریی هاوکاریو بەرهەمی نویین لە ئیوەوە .

## سویسرا:ئازاد کریم

هاورییان سلاو، هیوادارم سەرکەوتووبن.

دەستتان خۆش بیت من ژیلەمۆکانم پی گەیشت، ئەوا منیش لەگەل دوو نامەدا دوو (١٠) فرانکی سویسری م رەوانە کرد، وە بریارم داوە بەپیی توانام بەردەوام کۆمەکی دارایی بە ژیلەمۆ بکەم، کە لە ئیستادا دەتوانم مانکانە (٥) فرانك دابین بکەم، هیوادارم جیی رەزامەندیتان بیت.

هەروها بابەتیکم لەژیر ناوی بیرەوەری هاوریی گیان بەختکردوو "بەکر عەلی لەگەل میلی کاتژمیردا یەکتر دەخۆن" لەگەل دوو هۆنراوە لە دوایین بەرهەمەکانی بۆ ناردن.

دووبارە سلاو.

**ژیلەمۆ**: ویرای ریزو سلاوی بیپایانمان دەستخۆشانەتان لیدەکەین. نامە و بابەتەکانمان پیگەیشت، وا لەم ژمارەیەدا بلاوی دەکەینەوە.

سوپاسی هاوکاری هەمەلایەنەی ئیوە دەکەین، هیواداریین بەردەوام بابەتی بە پیزو نویمان بۆ بنیرن. دووبارە سوپاستان دەکەین .

**ئیران**: ٤. م

"بەریوەبەرایەتی گۆڤاری ژیلەمۆ"ریزو سلاوم هەیە بۆتان، من لە کوردستانی ژیر دەسەلاتی حکومەتی ئیران . ماوەیەکە لە دەنگی رادیوی کوردی ئامریکا، بیستوومە کە گۆڤاریك بە نیوی ژیلەمۆ لە ئالمان بەم ئەدرەسەی ژیرەوە دەردەچی.

مایەی پیخوشبوونە کە لە وولاتیکی خارجی، گۆڤاریکی کوردی دەردەچیو بلاودەبیتەوە. هەر بۆیە من لە ئەوەلدا ویستم کە گۆڤارەکەتان بناسم وە خۆتانیش، لەسەر ئەم بناغەیە، داواتان لی دەکەم بۆ ناسینی خۆتان و گۆڤارەکەتان تکایە یەك دوو ژمارەم بۆ بنیرن. دووەم، من ئەمەویت ئەگەر نیازتان هەیە، هاوکاری ئیفتخاری واتا ( بی داواکردنی شتیك ) ئیوە بکەم ، بۆ ناردنی هەر جۆرە شتیك لەم شوینەی خۆم و هەروەها ج کوردستانی ژیر دەسەلاتی ئیران بۆ هاوکاریو بەریوە بردنی باشترو هەروها ناساندنی گۆڤارەکەتان.

تکایە ئەگەر پیویستتان هەیە پیم بلین، هەروەها ئەنجومەنی ئەدەبی کە لە شارەکانی کوردستان بەرنامەی هەیە ئەگەر بتانەوی لە مەبەستەکانی ئەوانیش ئاگادارتان ئەکەین.

لە کۆتاییدا سلاوم رادەگەیننم .

**ژیلەمۆ** : ویرای سوپاسی بیپایانمان، دەستی هاوکاریو دلسۆزیتان بەگەرمی دەگوشین .

ئیمە لە ریگەی ئەو ئادرەسەوە کەخۆتان دیاریتان کردبوو ژمارە (٥)ی ژیلەمۆمان لەگەل روونکردنەوەو پیناساندنی گۆڤارەکەو ئاراستەیەك کە گرتوومانەتەبەر، بۆمان رەوانە کردن، هیوادارین بەدەستان گەیشتبیت.

سەبارەت بە هاوکاری ئیمە زۆر خۆشحال دەبین و لەو بارەوە هیچ مەرجیکمان نییە، چونکە ژیلەمۆ دەنگی گشت مرۆڤیکی ستەمدیدە و شۆرشگیرە بەبی لەبەرچاو گرتنی

ئەوەی کە لە چ شوین و رەگەزو نەتەوە و ئایینیك بیت، تەنیا ئەوە کە بەرهەمەکەی لە خزمەت شۆرشیکی چینایەتیدا بیت، کە کۆتایی هینەرە بە چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە .

دووبارە دەستان دەگوشین و چاوەریی نامەو هاوکاری بەردەوامی ئیوەی بەریزین.

**دانیمارك**: **بەهزاد عومەر رەشید**

بەریزان کارمەندان و ئامادەکەرانی گۆڤاری ژیلەمۆ سلاوو ریزم بۆ هەموو لایەکتان هیوای بەردەوام بوون وسەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .

لە راستی‌دا هەتا ئیستا ئەم گۆڤارەی ئیوەم بەرچاو نەکەوتووە، بەلام بەهۆی رادیۆی دەنگی ئامریکا– بەشی کوردی ئەم ناونیشانەی ئیوەم زانی، جا تکام وایە ئەگەر بەئەرکی نازانن بەلکو بەپی‌ی توانا یەك دوو ژمارەی گۆڤارەکەتانم بۆ بنیرن، هەرچەندە زۆر زانیاری تەواوم نی‌یە لە بابەت چۆنیەتی دەستکەوتنی گۆڤارەکەتان واتا (اشتراك).

لەکۆتایی‌دا دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و چاوەروانی گۆڤارەکەتانم.

**ژیلەمۆ**: ویرای ریزو سلاوی بیپایانمان، زۆر سوپاستان دەکەین بۆ نامە رەنگین و پر هەستە بەرزەی کە بەرامبەر ئیمە دەرتان بریوە، ئیمەش زۆر بە خۆشحالییەوە وەلاممان دایەوە بە نامەکەی بەریزتان لەگەل ناردنی ژمارە (٥)ی ژیلەمۆدا.

سەبارەت بە ژیلەمۆ تا ئیستا وەك گۆڤاریکی وەرزانە دەردراوەتە دەرەوە، هەر چەندە ئیمە هەولمان داوە کە زیاترو زووتر بەشیوەی گۆڤاریکی مانگانە بکەویتە بەردەستی خوینەرانی بەریز، بەلام لەبەر کۆمەلی هۆ تا ئیستا بۆمان نەلواوە، هیوادارین لە داهاتوودا لەم بوارەدا سەرکەوتووبین.

دووبارە دەستتان دەگوشین‌و چاوەریی بەسەرکردنەوەی زیدەترین لەئیوەی بەریز.

# هونەرو ئەدەبیاتی منداڵان

**بەشی یەکەم** **هەژین**

مرۆی منـدال وەك سـەرەتای ژیانـەوەو بـەردەوامی نـەوەی مـرۆڤ، پەیامبـەرو گەیینـەری نامـەی مرۆڤایەتییـە، سـەرەتای کۆتـایی‌و رەتکرنـەوەی نوییـە بـۆ کـۆن، بەکورتی هاتنەدەرەوەی هەولیکی نوییە لە مندالدانی دەوروبەریکی بەسەرچوودا.

منـدال گـەر سـەرەتای بوونـی مـرۆڤ بیـت، ئـەوا هونـەری مندالانیـش دەبیـت سەرەتایەکی نوی بیت، لە هەر سەردەم و قوناخیکی دیاریکراوی کۆمەلایەتیدا.

هونـەرو ئـەدەبیاتی مندالانیـش هـەر وەك هـەر بوونیکی‌تـر لـە کۆمەلگـە چینایەتیـیەکاندا بیبەش نەبووە لەوەی رۆل بگیری چ لە لەناوبردندا ج لە بنیاتناندا.

پاریـزراو بوونی کەسایەتی منـدال لـە کۆمەلگـەدا بەسـتراوە بـە بوونـی رادەی ئـازاد بوونی ئەندامانی کۆمەلگە لـە بیرکردنـەوەدا، هـەر بـەم پییـەش هونـەرو ئـەدەبی منـدالان بوونی خۆراکی میشك‌و تیرکردنی ئارەزووەکانیانە، بـە پیچەوانەشـەوە هونـەرو ئـەدەب دەبیتە قوفلی دەرگەی بیرکردنەوەیان، زنجیری دەستیان‌و گیانکیشی ئارەزووەکانیان.

وەك وتمـان رادەی گەشـەی هونـەرو ئـەدەبی منـدالان بەسـتراوە بـە بـاری کۆمەلگـەوە، کۆمەلگـەی کوردیـش بـۆ خـۆی وەك هـەر کۆمەلگەیـەکی‌تر کەوتووەتـە ژیـر کـارایی ململانیکان‌و رەنگدانەوەی فەرهەنگە زالەکان لەکۆمەلگەدا.

فەرهـەنگی زال، فەرهـەنگی چینـی سەروەرە بە گشـت پایـە ئاینی‌و ناسیونالیسـتی‌و پیاوسـالارییەکانییەوە هتـد، کـە مرۆڤـی منـدالی وەك بـوون‌و دونیـای ویسـت‌و ئارەزووەکانی لە چوارچیوەیەکی وا پەستاوتووە کە ئەم کەسایەتییە نـەتوانی گەشـەی سرووشـتی خـۆی بکـات، هونـەرو ئـەدەبی سـەروەرش شانبەشـانی چـەکی کوشـتنی پەپوولـەی گـەرۆکی پرسـیارە نوییـەکان‌و دروینـەری خوچجـەی سـەرهەلدانی ژیـانیکی نویٚ‌و کویرکەرەوەی گشت کانیاوە تازە هەلتەقیوەکانی ژیانە.

دونیای مندالان لەم کۆمەلگەیەدا بریتییە لە سیکوچکەی مال فیرگە- مزگەوت و

زیندان. لەمال میشکی منداڵ لـە ئەفسـانەو خورافـاتی ئـاینی پردەکریـت، راهینـانی منداڵ لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتی باوکدا. لە فیرگەش ژاراوی کردنی بیری منداڵو کویرکرنەوەی سەرچاوەی سەرنج و پرسیار لە هۆشی منداڵدا لەژێر فشاری سونەتە رزیوو دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەی ئایین فەرماو، شیوەی پەروەردەیی کۆمەڵگەیەکی داخراو لەژێر سایەی کەسایەتی پیرۆز و خوداو ماموستادا. لـە زیندانیشـدا قوفل و زنجیر لـە گشـت دەرگـەو پەنجـەرەکانی بـیری مرۆڤـی منـداڵ دەدریـن و هەمیشـەیی و بیکوتایی بوونی سەروەری و ملکەچی بۆ دادو یاسا دەبیتە فەرمانی بیچەندوچون.

بابزانین هونەرو ئەدەبیاتی منداڵان لە کویی ئەم کۆمەڵگەیەدا وەستاوە !

وەك وتمـان ئـەم هونـەرە باوە تەواوکـەری رۆلـی سـەرکوتگەرانەی فەرهـەنگی زاڵــە لــە کۆمەڵگـەداو سـیکوچکەی مال فیرگە مزگـەوت وزینـدان رۆلیکـی سـەرەکی دەبینیـت.

مال: شوینی بەسەربردنی قۆنـاخی یەکـەم دەبیـت لـە ژیـانی منداڵـدا، وەك ناسکترین و سەرەتاییترین قۆناخی پیکهاتنی کەسایەتی مرۆڤی منداڵ.

لـــیرەدا دەرگـــە بـــەرووی پرســـیارەکاندا دادەخریـــت، لـــیرەدا مـــروڤ بـــە بیـــهیزو رۆبۆتیدەستی خوداو فەرمانرەوایان نیشـان دەدریـت. لیرەدا منداڵ فیری رازیبوونو شـەرمنۆکی و بیبروایی بەخۆ دەکریـت؛ لیرەدا منـداڵ دەکریتـە سـەربازی سـبەینی بـۆ سەرکوتی منداڵانی سەردەمیکی تر.

لەم قۆناخـە هـەرە ناسـکەدا منـداڵ لەگـەل دونیایـەك شـتی سـەرنجراکیش و نارۆشـن رووبەروو دەبیتەوە، دەیان پرسیار سەر هەڵدەدەن؛ بۆ شـەو دادی، زەوی دەسـوریتەوە یـان خـۆر ؟ بـۆ مـرۆڤ دەخـەوی ؟ بـۆ خانووەکـەمان بچووکـە ؟ بـۆ هـەر رۆژەی لـە خانوویـەکدا نیشـتەجێ دەبـین ؟ بـۆ جلوبـەرگی جـوانم نییـە ؟ ئـەو ئەسـتیرانە چـۆن ناکەونـە خوارەوە ؟ بـۆ بـاوکی تـەنیا شـەوان دەبینیـت و ئـەو کاتـەش وەك گورگیکـی برسـی و هیلاك پـەلاماریان دەدات ؟ سـەدان و هـەزاران پرسـیاری لـەم چەشـنە بیـوەلام دەمیننەوە.

لیرەدا رۆلی مال، ئاخنینی بیروهۆشی منداله بە ئەفسانە و فەرهەنگی زال لە ریگەی هونەر وئەدەبەوە کە لەم دەمەدا بریتییە لە چیرۆکە دەماودەمییەکان کە زۆربەیان ئەفسانەن . لەم شیوە هونەرە دەماودەمییەدا مرۆڤ هیچ رۆلی نییە بە تایبەت مرۆڤی منداڵ، بەهوی ئەم ئەفسانە وخورافەوە ترس لە دەرونی ساوای مرۆڤی منداڵدا دەچینیت، ریزگرتن لە فەرمانرەوایی‌و خوداو پیرۆزکردنی خیل‌و نەتەوەو خاك‌و سەوزکردنی گیانی نەژادپەرستی‌و کوشتنی گیانی مرۆیانەیان.

بەکورتی چەکی یەکەم لە قۆناخی یەکەمی تیرۆری مرۆڤی منداڵدا هونەرو ئەدەبیاتیکی فۆلکلۆرو دەماودەمە کە لەهوشی(زهنی) مرۆڤە گەورە کەولکراوەکاندا پەروەردراوە و بۆی زیاد کراوە، لەوانەش ئەفسانەی ونبوونی یوسف و لەدایکبوونی عیسا و دروستبوونی ئادەم و حەواو سێ کچی پادشاو پیرە ژن‌و پشیلەکەی، ئەژدیهای حەوت سەرو شەولەبان و دیوەزمە و خیو کە لەم جۆرە چیرۆکانەدا پیاو هەمیشە بە پالەوان و چاکەخوازو پشتوپەنای ژن و منداڵ لە قەلەم دەدریت، ژنیش بوونیکی‌لاوازو دزە گەرو جادووگەر روخساری دەشیویندری و منداڵیش بەبی تواناو بی ریوجی لە بەسەرهاتەکاندا.

فیرگە : بریتییە لە دووبارە گیرانەوەی رۆلی پیشینەکان‌و بە سەرەنجام گەیاندنی کرداری تیرۆری مرۆڤی منداڵ، بەم هۆکارە کە شیوەیەکی تازەترو گونجاوتر لەگەل قوناخی بیرکردنەوەو تەمەنی منداڵ لە سەردەمی فیرگەدا، شانبەشانی خویندن‌ودروستبوونی پرسیارگەلیکی‌تر لەبەرامبەر کارتیکردنی دەوروبەری تازەدا رۆلی فیرگە پرکردنەوەی بۆشاییە جیماوەکانی سەردەمی یەکەمن و داخستنی یەکجاری دەرگەی سەرنج و پرسیار لە شتگەلیك کە قابیلی دەستیوەردان نەبیت لە روانگەی سیستەمی پەروەردەکردنەوە وەك خودا پەرستی، سەربازی بۆ نیشتمان، گویرایەلی کویرانە بۆ گەورەو مامۆستاو پەیرەوی یاساو پیویستبوونی ئامرازەکانی سەرکوت وەك پۆلیس و زیندان. بەلی ئەوانەی ئەمجارە رۆلی پولیسی سەرکوتکەرو

مەلای خەرەفاوو مەوعیزەکەر دەبینن هونەرمەندان‌و کەسانیکن کە خۆیان قوربانی ئەم فەرهەنگە زالەن‌و لە مرۆبوونیان کەولکراون‌و هونەر دەکەنە شولی دەستی مامۆستاو ترسی خوداو رۆلی باوك لە مالداو پۆلیس بۆ سەرکوتی سەرەتای ژیان؛ بۆ تیکشکاندنی بەرەی نوی، بۆ رامکردنی هیزی یاخیبوونی مرۆڤ لە دونیای کۆن‌و، راگرتنی بزووتنەوەی بەرەو پیشەوە چوون لە هۆشی مندالدا.

قوناخی سییەم : بریتییە لەو هونەرو ئەدەبیاتەی کە لە دەرەوەی مال‌و فیرگە؛ پاش ئەوەی بەخالی پشکنینی سانسوری فەرهەنگی سەروەراندا تیدەپەری، ئەمە دوا قوناخە بۆ ئەو کەسانەی کە مال نەیتوانی بیانکاتە بەندەی خوا، فیرگە نەیتوانی بیانکاتە پۆلیس‌و سەربازی سەرکوتگەری ئەو مرۆڤە یاخییانەی کە دوای وەلامی پرسیارە بزیوەکان کەوتوون. بەلی دوا تۆری راوی مرۆڤی مندال کە رۆلی زیندانی هەتا هەتایی لە سیکوچکەی مال– فیرگە– مزگەوت‌و زینداندا دەبینیت.

لە باری یەکەمدا هونەرو ئەدەبیات دەماودەمەو خاوەنەکەی نادیارە، دایك و باوك بە بزواندنی سۆزی مندالی‌و سوودوەرگرتن لە ریوشوینی گەورەییان لە بەرامبەر هەر خواست و پرسیاریك کە لە ئەنجامی کارلیکردن و بزواندنی بیری مندال بەهۆی رووبەرووبوونەوەی لەگەل واقیعی ژیانی رۆژانەدا.

لە باری دووەمدا هونەرو ئەدەبیات بریتین لە دووبارە بوونەوەو سەرلەنوی گونجاندن و دارشتنەوەی هەمان بیرۆکەکانی کۆن و ئەفسانەیی، بەلام ئەمجارە لە ریگەی دامودەزگە رەسمیەکانی راگەیەیاندنەوە لە پینووسی ئەو رۆشنبیرە بۆرژوازییانەوە کە نووسینەکانیان پرن لە وشەی فریودەرانە، کە رۆژانیك خۆیانی پیّ پەروەردە کراون.

هەولی ئەم دەستەیە لە نووسەران و هونەرمەندان بریتییە لە راهینانی نەوەی نوی بەو جۆرەی کە دونیا سەرەوخوار سەیر بکەن، ئارەزوو و سەرنجیان بە لاریدا بەرن.

لە باری سییەمدا کە وردە بۆرژوازی نارازی رۆلی تیادەبینی، بریتییە: لەوەی کە لە بەرامبەر هەر ئاگایی‌و نارەزایەتییەکی سەرکیشانەدا، کەموکوری‌و بۆ ل٩

# خاتەسوور و حەمەتاڵ

پورە خاتوون، بەرای تۆ بۆچی (مونیکا) سکاڵای لە کلنتون کرد؟ **حەمە رەش**

**خاتە سوور:** لەوانەیە لەبەر پەیوەندی تازەی کلنتۆن بی لەگەل سکرتیرە تازەکانی!

خارە حەمە ئەری بەراست بۆ کلنتۆن ژنەکەی شەقەزلەیەکی لە بنا گوێی سرەواند بوو ؟ **عەلە کچکە**

**حەمەتال:** بەینی خومان بیت، وابزانم لەگەل خزمەتکارەکەیان ئحم !! پیکەوە دیتبوونی !

ئەری حەمە تال دەلین لە ئیران حزبیکی تری نوی دروستبووە ؟ **کامەران**

**حەمە تال:** مە نجەلی هاوسیکەی مەلای مەشهورە لەلای وی زاوە !

پلە خاتوون، ئامریکا دەری کۆماری ئیسلامی روو لەباش بوونە، تۆ ج دەریی؟ **مەلان**

**خاتە سوور:** ئەی چۆن، ئەوە نییە دوای جووت بوونیان، بەچکە حزبیکی دوو رەکی ئیسلام_دیموکراتی لی لەدایکبووە !

مامە حەمە، خزمایەتی ئیوە چۆنە لەگەل حەمەتالی بانە ؟ **خولە**

**حەمە تال:** بروا ناکەم با پیرانیشمان، بە ریگەیەکدا تیپەری بن، بەلام لەوەدەچی لە خۆشی ناوەکەی من ئەویان ناو نابیت، حەمەتالّ !

حەمەتال، (ی.ن.ك.) و(پ.د.ك) لە سەر چی پیکهاتن؟ **هەلالە**

**حەمەتال:** لەسەر خالیکردنی خوانی ئیمە!

دادە خاتوون، ئەلین خانم مادلین ئۆلبرایت (کاکە و مامەی) ئاشتکردووەتەوە، ئەی باشە بۆچی چوار سال خەلکیان دا بە کوشت و لە پیناو چی ؟ **کەریمە لووتە**

**خاتە سوور:** لە بیخەبەران دوینە سەلەوات، مەگەر نازانی کنە کنی چییانە، بەشی چەند ملیۆنی کوردەکان لە بەرنامەی نەوت بە خواردندا !

حەمە گیان، بۆ سەرۆکی(ام المعارك)ا هەموو جاری خۆی پف دەکاتەوە و دوای چاو لیسوور کردنەوەیەك وەك کەلەشیری بەزیو کلکی لە ناو گەلی دەنێو ملی (هین) دەکات ؟ **بلە قەلەو**

**حەمە تال**: چونکە رۆلەکەی وا نووسراوە لە شانۆیی کەنداودا !

خاتوون، ئەلین مامە و کاکە زۆر خۆشحال بوون بە بۆمبارانی بەغداد؟ **دایکی ئاران**

خاتە سوور: پووشەکەیە و خۆیانی لە چنگ خنکان لە دەریای بیزاری جەماوەردا پێ رزگار دەکەن !

لالۆ حەمە، دوای ئەو کچەی کە حاشای لیکردی، بۆ هاوسەریت نەکردەوە ؟

**ئەولکەریم**

**حەمە تال**: ئەی بابا ئەلیی لە گویی حوشتردا خەوتووی، مەگەر نابینی پیشگری خاتە سوور بۆ ناوەکەم زیاد کراوە ؟!

نەنە خاتوون، سەرۆك ئاپۆ لە وینەیەکدا کۆتری لەسەر دەست گرتبوو، تینەگەیشم بۆ؟

**خاوەر**

**خاتە سوور**: لەوە دەچی پارتەکەی کردبیتە، پارتی پاریزگاری لە مافی ئاژەلەکانی پینج پارچەکەی کوردستان !!

خالە حەمە، تۆ بۆ هەولت نەدا ناوەکەت بگۆری و خۆت شیرین بکەی ؟

**عەلە سەرزل**

**حەمە تال**: بیقەزابی، ئەوسالە چووم و تکانامەیەکم نووسی، خۆ بیبەلا بن ! کارمەندانی نفوس چەند عیلمیان لە( مەلا ١٢-١٣ )عیلمەکانی کوردستان زیاترە، بە بسم الله الرحمان الرحیم دەستیان پیکردو بە صدقالله العظیم کۆتاییان پیهیناو ناوەکەمیان کرد بە محمد طال !!

باشە باجی خاتوون، حەزت لەکویی حەمە تال کردووە ؟ **گولناز**

**خاتە سوور**: بروا ئەکەی هیشتا خۆشم نازا نم!

مامە حەمە لە رۆژنامە درابوو کە ( Dan Wilheam ) کوری ( سەرۆك کلینتۆن )ە، تازە دایکی ( دانی ) درکاندوویەتی، چونکە پەیوەندی هاوسەرانەیان نەبووە، تۆ چونی تیدەگەیت ؟ **خالەبیبەش**

**حەمە تال**: بۆچی نا، لەوانەیە کوندومەکەی درابێ !